# دەریاوانە خنکاوەکە

# دەریاوانە خنکاوەکە

نوسینی: گابریێل گارسیا مارکیز

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

## چیرۆکی ئەم بەسەرهاتە

لە(28)ی شوباتی(1955)دا، هەواڵ و دەنگۆی وەرگەڕان و فەوتانی دەریاوانانی پاپۆڕی کالداسی کۆلۆمبی بڵاوبۆوە. پاپۆڕەکە لە کەنداوی ئالاباما لە دەریاو ناوچەی موبیل هەڵقەناو ڕۆیشت بۆ قرتاجە، پاش ڕوودانی کارەساتەکە بە دوو سەعات کالداس گەیشتە قرتاجەو پیاوانی ڕزگارکەر بە دوای ئەم هەشت کەسە گومبووە کەوتنە گەڕان و سوپای ئەمریکیش لە کەناڵی پەنەما هاوشانیان بوو، کەوا بۆ جێبەجێکردنی کاری خێرخوازی گەڕان، پاش چوار ڕۆژ بە

ڕەسمی مردن و خنکاندنی ئەم هەشت کەسە بڵاوکرایەوە.
پاش هەفتەیەك لە باکووری کۆلۆمبیا، لویس ئەلیخاندرۆ فیلاسکۆ دەرکەوت، دە ڕۆژ لەسەر تەختەدارێك خۆی گرتبوو، ئەم ماوەیە، بێ ئاو و نان بوە. ئەمەش، گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیەتی کەوا بۆ ڕۆژنامەی( ئەل ئەسبکتادور دی بۆگۆتا) گێڕابۆوە. گێڕانەوەو نوسینی ئەم داستانە زۆری نەمابوو سەری من بخوات و ناوداری و کارەکەمی لەسەر دانێم.

کۆلۆمبیا، لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی سەربازی ژەنراڵ گوستانو روخاس بینیلا بوو، هەر لەو دەمەدا بوو، خۆپیشاندانی خوێندکارانی پایتەخت بە چەك و ئاگر وەڵامدرایەوە و چەند خوێندکاریش، کە ژمارەیان نەکرا بزانرێت کوژران.

ڕۆژانی یەك شەممە، کۆشکی ژەنراڵ بێزار دەکراو ترسی زۆریان لە جەماوەری تەماشاکەری زۆرانبازی گا هەبوو، دیسان جارێکی تر تەقەیان لەوانیش کردو زۆریان کوشتن .ڕۆژنامەبەرهەڵستکارەکان بەوردی لە بابەتێ دەگەڕان,کەوا ڕووی بۆگەنیو کاری بەدکاریان دەرخەن, من و گویارمو کانو، سەرۆکی ڕۆژنامەکە بوو، هەروەهاخوسیە

سلغار،بەرپرسی پەخشی بوو، هەرسێکمان ڕۆژنامەکەمان دەردەکرد. هەرسێکمان، تەمەنمان سی ساڵان بوو.

کە فیلاسکۆ، سەرکەوت و گەیشتە لامان و ئارەزووی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی هەبوو, بەڵام! ئێمە چەندی دەدەینێ و ئەو چەندی پارە دەوێت! کە لە نەخۆشخانە بوو، پاسەوان و دەریاوان و ئاسایشی تایبەت چاودێرییان دەکرد.

پێش ئێمەش، ڕۆژنامەنووسێك بە جلی دکتۆری لێیچووبوە ژووریێ و زۆری لێهەڵکڕاندبوو، چەوری تێدا نەبوو. هەروەها بۆ کاری ریکلام و پڕوپاگەندەی بازرگانیش سوودی لێوەرگیرابوو، فێرە پارەیان کردبوو.. بۆ نموونە:

*کارگەی پێڵاوەکەی، زوو خۆی گەیاندبوە لای و سوودی لەو قسەیەی وەرگرتبوو، گوایە ویستویەتی پارچە لاستیقێکی پێڵاوەکەی بخوات، بەڵام! ئەو بۆی نەکراوە، کۆمپانیاکە ئەمەی بە قازانجی خۆی وەرگرتبوو!

*کاتژمێرەکەی دەستی، لەو دە ڕۆژەو لەناو دەریاو لەناو ئاوا هیچی لێنەهاتوەو کاری کردووەو پاش و پێش نەبوەو قازانجی زۆری پێگەیاندووە، بۆ ڕەواندنەوەی تەنیاییەکەی..!

*لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، کە خەڵاتی ستایشی وەرگرت، وتەیەکی نەتەوەیی خوێندبۆوە.

*وێنەکەی کرابوە سەرەتاو کۆلاژی چەندین گۆرانی و بەرنامە.

*شاژنی جوانیش ماچی ڕوومەتی کردبوو.

ئەمانە، هەموویان دەوڵەمەندیان کردبوو، ڕووی لەهەر دەرگایەك کردبێ, کۆشێ پارەیان داوەتێ، بۆ ئێمەش، بایەخی ئەوتۆی نەمابوو، هیچی تازەی پێنەبوو و ئێمەش پارەمان بەو شتانە نەدەدا. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو، ئەو لە سنوورێك دەرباز نەدەبوو..!؟ کە سەرکەوت، گویارمو کانو توشی منی کرد و منیش وامزانی نارنجۆکێکی دانراوە وا سەیرم کرد، لام ئاسایی بوو، پیاوێکی بیست ساڵانە، لە بۆقچیەکی پارەویست، لە هیچی ترو لە پاڵەوانی نەتەوەیی نەدەچوو!! بەلاّم! گێڕانەوەکەی و شێوەی ئاخاوتنەکەی سەرنجی ڕاکێشام، وەك ئەوەی، گاڵتەی بە پاڵەوانی نەتەوەییەکەی دەهات، قسەی خۆش و رەفتار شیرین و گاڵتەچی بوو، دانیشتنەکانمان، بە بیست دانیشتن کۆتایی هات، هەر جارەی، شەش کاتژمێری دەخایاند، بە شرۆڤەکردن و فێڵبازی و سوڕانەوەو تام و جۆش و خۆشکردنی باسەکە، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەم پێ تەواوکرد.

ئـەم گێڕانەوەیــە بــە مــۆری خۆیــەتی و بــەناوی منــەوە بڵاودەبێتەوە، بۆیە جیاوازی هەبوو، لـە دەقـی بەسـەرهاتەکەو زانینی لەلای خوێنەران، هەست دەکەم، ڕاستگۆیی و ناسـکی پێوەبوو، هەروەها تەم و درۆو شاراوەیی نەبوو..!

له هەموو ڕۆژەکاندا، کە قسەمان کرد، خۆشترو بەسـودتر ڕۆژی چوارەممان بوو، کـە داوام لـە فیلاسـکۆ کـرد، چۆنیەتی هــەڵکردنی گەردەلوولەکــەو تــەوژم و زبرەکــەی باسـبکات.!!! کەچـی ئـەو بزەیـەکی هاتـێ و وتـی: پێڵێنـانم لـە ڕاسـتی ئـەم بابەتـە، سەربەسـەر زێـڕ دێنـێ.! گـەردەلوولی چـی..؟! تـەوژمی چــی!؟، بــەپێی ڕاپــۆرتی کەشناســی لــە کاریبــاو لــە ڕۆژی کارەسـاتەکەدا، ئاووهــەوا ئاسـایی بـوو، ئاسـۆ کـە هـێمن و بێگـەرد، نـە دەریـا هەڵـچوبوو، نـە شـەپۆلی شـێت و هـاریش هــەبوو..! مەســەلەکە ئــەوەبوو، بارەکــە زۆر قــورس بــوو و توندیش نەبەسترابوو، هۆی فەوتاندنی ئەم هەشـت کەسـەش، دەگەڕێتــەوە بـۆ ئـەم هۆیـە. هـەروەها، بارەکـەش قاچـاخبوو هـەڵگرتنی قەدەغـە بـوو، بارەکـەش لـە سـنووری خـۆی زۆرتـر بوو، بۆیە توانای ڕزگارکردنی ئێمەی لا زەحمەت بوو، بارەکە قاچاخ بوو، شتی وەك تەلەفزیۆن و جلشۆڕو سەلاجە.. بوون. بارکردن و بەستنەکەی فێڵێکی سیاسی و ڕەوشتی بوو.

هـــەتا ڕۆژی چـــوارەمیش، حکومـــەت ڕیپۆرتاژەکـــەی بەدڵبوو! بەڵام کە دەروازەی نهێنیەکان خرانە سەرپشت، زۆر سـەغڵەت بـوو، بـەڵام! دەسـتـەڵاتی نـەبوو، ئەگـەر نوسـینەکەی ڕادەگـــرت، مەســـەلەکە گـــەورەتر دەبـــوو، بۆیـــە ویـــستی، پاڵەوانەکـە بـە پـارە چـاوپۆش بکـات، بـەڵام سـودی نـەبوو، ئەویش و ئێمـەش سـووربوین لەسـەر تـەواوکردنی ڕۆژانەکە، خەڵکەکـەش، زۆر شـەیدای بـەردەوامی نوسـینەکە بـوون و بە جۆرێـك بـۆ تــەواوی زنجـیرە بڵاوکراوەکـە پـەرۆش بـوون و بـەدوای دانـە کۆنەکانـدا دەگـەڕان و ئێمەشـیان هەراسـانکرد. نوســـینەکە، دەنـــگ و هەرایـــەکی زۆری دروســـتکرد. بۆیـــە حکومەت، هەر دەستەڵاتی ئەوەی ما، کەوا بەلاغێکی رەسمی بڵاوکـردەوە، کـەوا نوسـینەکان و قـسەکان، هــەموو درۆن و قاچـاغ بارنـەکراوە و کەمتەرخـەمیش نـەکراوە لـە خنکانـدنی هەشت کەسەکە. ئێمەش، بۆ پشت ئەستووری خۆمـان، نـاو و ئەدرەسـی سـواربووەکانی کالـداسمان پەیـداکردو لـەوانیش، شـتی زۆرمـان دەسـتکەوت و مارکـەو بـاری جـۆر و چـەندی بارەکـەمان ڕاگەیانـد. هەڕەشـەو چاوسـوورکردنەوەش، یـەك دێری وشەیەکی فیلاسکۆی نەگۆڕی..

لە ئەنجامدا ئەو لە کارەکەی دەرکراو ڕۆژنامەکەی ئێمەش داخـرا. گەرچـی پـاش دوو مـانگ ڕژێمەکـە گـۆڕاو کەشـەکە

باشتر بوو، بەڵام من هەر سەرگەردان و دەربەدەر بووم، من وا لە پاریس دەژیم و فیلاسکۆش دەنگ و هەواڵی نەما.! دیارە، پاش ماوەیەك ڕۆژنامەنوسێك لە کۆمپانیایەکی هاتوچۆ بینیبووی و دیداری لەگەڵ سازکردبوو، لە وێنەکەی دیاربوو دەستی گەردون شێواندبووی. بەڵام! هەر بەپاڵەوان مابۆوە.

پازدە ساڵ تێپەڕی و ئەم نوسینەی خۆم نەخوێندەوە، زۆریش پەرۆشی بڵاوکردنەوە و چاپی بووم، بەڵام! دەزگاکانی پەخش، ئیمزای پاڵەوانەکەیان لە نوسینەکەی من لا گەورەترو بەنرختر بوو، گەرچی، ئەو بە نوسینەکەی من ناودار بوو، ئەوەش باوەو زۆرجار شتی وا ڕوویداوە، پاڵەوانی نوسەرێك لە نوسەرەکە زۆرتر باسی دەکرێت و نیگاکان لەدوای دەبن و بایەخی پێدەدەن، منیش وام لێهات و ماندووبوونی من و دەربەدەرییەکەم بەرچاو ناگیرێت..! پاڵەوانەکەم بوە خاوەنی نوسین و ئەرکە قورسەکەم.

## بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو

### بەشی یەکەم

### -1-

لـە(22)ی شـوباتدا، ئاگادارکراینـەوە کـە بگەڕێینـەوە کۆلۆمبیا. هەشت مانگبوو لە ئەمریکا، لە شاری موبیل لە ئەلباما "کالـداس" مابووینـەوە. پاپۆڕەکـەمان هەندێ کاری چاککردنەوەی ئـەلکترۆنیو زەخـیرەی چـەك و تەقەمـەنی دەویست، لـەم ماوەیـەدا، چاوەڕێی فـەرمان و هـەواڵ بووین، هیچ کاری ترمان نەبوو, لە ڕۆژانی پشودانا، هەر دەگەڕایین و دەچووینە سینەماکان و لـە باڕی بەندەرەکـەش ویسکیمان فڕدەکرد و خۆمان سەرخۆش و خەیاڵدەکردو گاڵتەماندەکرد.

لـەم ماوەیـەدا، لەگـەڵ کیـژێکی ناوچـەکە بوومـە هـاوڕێ و کـەمێ ئیـسپانی فێـر ببـووم و پێکـەوە دەچووینە سـینەماو

فیلمــی چــاکمان دەبینـــی، جارجــاریش ســاردەمەنیمان دەخواردەوە و قەت دڵم نەدەشکاند، بە ئینگلیزیو ئیسپانی لـە یـەکتری دەگەیـشتین. هـەمووومان دانەیـەکی نـوێی فیلمـی "گەردەلوولێك لە کایندا"مان بینی. فیلمەکە لە ژان و ئازاری سواربووەکانی پاپۆڕێك دەدوێت، کە شەپۆلی شێت توشیان دەبێـت، دیمەنەکـە، ژانـەکان لـە هـزرو بیرەوەریمـدا گیربـبوو و لێبونــەوەی زەحمــەتبوو. ژانەکــەی هــەژانێکی بــەهێزی لــە دەروونمـدا دروسـتکردبوو.. منـی ترسـاندبوو، چـونکە دوو سـێ ڕۆژی تـر سـواری کالـداس دەبمـەوە. فیلمەکـە وا منـی ترسـاندبوو، ڕۆژی دوایـی نەهاتمـەدەرێ، هـەرگیز مـن وا لـە دەریـاو سـواربوونی پـاپۆڕ نەترسـاوم، ئـەم فیلمـە جیهـانی دەریـاو سـواربوونی ئـاوی لەپێشـچاومدا ڕەشـکرد. هـەموو ئامۆژگاری و ڕێنمایی مامۆستاکانم لەلا بووە گاڵتە!.

وەنـەبێ،ئەوەنـدە پێـشبینیم بـەهێز بێـت و بیرم بـۆ ئـەوە چووبێت ئێمەش وامان بەسەردێ. نەمدەزانی! بەڵام فیلمەکە زۆری ترسـاندبووم، ئـەوە دوازدە سـاڵە لـە دەریـا کـار دەکـەم، هێنــدەی ئــەمجارە نەترســاوم، هــەرگیز ئەوەنــدە دڵتــەنگ و پەشێو نەبووم.

سەرکەوتمە سەرەوەو بە دڵتەنگییەوە پاڵم دایەوە، خەو نەچـووە چـاوانم، تەماشـای چـل کەسـەکەی سـەرپاپۆڕەکەم

دەکــرد، ئــەوان خــەویان لێکــەوتبوو، هەناســەی قوڵیــان هەڵدەکێشاو پرخـەیان دەهـات، لـە شـیرینی خـەودا بـوون، پرخــەی ئەفــسەری روکــن لــویس رۆنجیفـۆ لــە هــەموویان بــەهێزتربوو، پــاش هەشــت ڕۆژی تــر، لــە جیــاتی ئــەوەی بگەڕێتەوە ئامێزی ژنەکەی، بووە تەرمێك و نقوومی بن دەریا بــوو، بــاری پاپۆڕەکــەمان، هــەمووی ســەلاجەو جلــشۆر و کەرەستەی کارەبایی ترو شتی لەم جۆرە بوون.

بارەکـەمان، جێگـای ترسـێ نـەبوو. بـەڵام مـن ترسـابووم، هەر دەمویست خۆم بخافڵێنم و فیلمەکە لەبیر خۆم ببەمەوە، زەحمەت بوو، پێدەکەنیم و باسی سبەینێ و دوای گەڕانەوەم و گەیـشتنەوەم دەکـرد، زۆرتـر سـەغڵەت دەبـووم. لـە بـاڕی بالوکـادا، لەگـەڵ ئەفـسەری روکـن رامـون هێـدیرا بەیەکـەوە پێکمان لەچاوی ئەوە هەڵدا، بەس ئەمجارە رزگارمان بێ، واز لــە کــاری دەریــا بهێــنین، تــەنیا ئــەمجارە دەســتمان لــە خێزانەکـەمان گیربێتـەوە، دوورناکەوینـەوە، تـەنیا ئـەمجارە بگەمـەوە قرتاجـە، دوورناکەومـەوە. خۆمـان توشـی مەترسـی دەریــاو ناخۆشــی ئــەم ژیانــە ناکەینــەوە.. بەســە گیانمــان لەسەردەستە.

بە تەمابووین، بەس سـەروپێکێك بخۆینـەوە، بـەڵام لەگـەڵ کیژە هاوڕێکانمان پێنج شوشەی ویسکیمان هەڵدا، کیژەکان

کـە زانیـان دەڕۆیـین، بۆمـان گریـان، فرمێسکە گەرمەکـەیان، زامیان بەسۆتر کـردین، لـەوەش زیـاتر سـۆزی مۆسـیقاژەنەکە کە مامبۆو تانگۆیان دەژنی، ئاوازەکانیان لـە ئاوازی خۆمـانی دەکردو دەبوونـە تیر لـە دڵـی بـە زامو سـوتاومانی دەدا., ئـەو هەفتەیە، پارەکان زۆر بوو، سێجار پارەم وەرگرتبوو، حـەزم لەسەرفکردن بوو، بە شەرابی چاك زۆر خۆم مەستدەکرد.

زێدە سەرخۆش بووین، لەو کاتانـەدا، پیـاوێکی ئـەمریکی بە ئینگیلزی داوای لە کیژە چاو شینەکەی لای ئێمە کـرد، تـا سـەمای لەگـەڵ بکـات. بـە شوشـەو کورسـی و بەدەسـت و بـە هەرشتێ دەستمان گەیشتێ دارکاریمان کرد.

بە چەپڵەڕێزان و شاییەوە، لە(24)ی شوباتدا، کالداس لـە دەربەندی موبیل بەڕێکەوت و جولایەوە.گەڕاینەوە، بۆ ناوماڵ و مناڵەکانمان، تـا بگـەڕێینـەوە شـار و کوچـە و بازاڕەکانمـان، هـەمووومان، پارەکانمـان هـەمووی بـەدیاری نایـاب و جـوان دابوو، سەربازی تۆپچی میگێل ئۆرتێگا لـە هـەمووومان زۆرتـر دیاری کڕیبوو. یەك دۆلاری بـە هـیچ شـتێ نـەدابوو، هـەمووی بە دیاری نایاب دابوو. هەر باسی ماڵەوەی لەسـەر زاری بـوو، پەرۆشـی گەڕانـەوە بـوو، بـەڵام داخـی گـرانم، پـاش هـەفتا سـەعات بـوە تـەرمێك لـەژێر دەریـاو بـوە خـۆراکی ماسـی و گیانەوەری دەریا..

## -2-

پێش ئەوەی کالداس بەڕێبکەوێت، بانگدەدرێت، هەرکەسێ بۆ شوێنی خۆی ئەفسەرەکان، گەیشتنە شوێنەکانیان، کە ڕۆیشتین و دوورکەوتینەوە، ڕووناکیەکانی شاری موبیل کز دەبوون و کەمتر دیار دەبوون، لەناو تەمەکە گێژ ڕاوەستابووم و بیرم لە مارییە چاوشینەکەشم نەدەکردەوە، کەسم لەبیر نەبوو. بیرم هەر بۆ لای کەنداوی مەکسیك دەفڕی، چونکە لەو کاتەیساڵدا بە سام و بەترسە، جیم مارتینیز دیگۆ، تاکە دەستە ئەفسەری دەریایی بوو کە لەم کارەساتەدا بەشدار بوو و فەوتا، زەلامێکیناقۆڵاو بێدەنگ و کەمدو و زۆر بە چاکە ناویان دەهێنا.

سەرۆکی یەکەم خۆلیۆ ئەمادۆر کارابللۆ، گەنجێکی باڵابەرز و ڕێك بوو، ئەو دوا کەس بوو بۆ شوێنەکەی خۆی خشا و دواجاریش بوو، کە دیتم.. کەس بەقەد سەرۆکی میکانیکی ئەلیاس سابوگول، دڵشاد نەبوو، شەیدای گەڕانەوە بوو حەزی دەکرد، زوو گەشتەکەمان تەواوبێ و بگەڕێتەوە، پیاوێکی کورتەباڵاو چوارشانە بوو،هەر پێدەکەنی و خەندە لە لێوەکانی جیانەدەبۆوە، دەستی خۆم

دەسوتێنم، گەر ساتێك دڵتەنگ و بێزار بووبێت، لە ژیانیدا هەر دڵشاد بووە، لە خۆشی گەیشتنەوەی بە خێزانەکەی و هەر شەش منالەکانی، لە خۆشیا هەڵدەپەڕی، ئەوەی خۆشبوو، هێشتا منالی شەشەمی نەدیبوو. هێدی هێدی ڕووناکیەکانی موبیل گوم دەبوون، دوێنێ شەو زۆرم خواردبۆوە، بۆیە سەرم دەسوڕا و گێژ بووم، هەستم بە تینوێتی دەکرد.

که ئاوی دەربەندەکەمان جێهێشت، بانگیان دا بۆ نوستن و بڵاوەکردن، لویس ڕۆنجیفۆ لێی پرسیم، ها.. گەیشتینە کوێ..؟! وەڵامم دایەوە، ئاوی موبیلمان جێهێشت، ئەو دەریاوانێکی شارەزا بوو، لە شوکو لەدایکبوو، خوێنی ئاوێتە بوو. ئەو ماوەیەی کالداس لە موبیل ڕاوەستابوو، ئەو خەریکی خوێندنی خۆی بوو، بە نیازی تەواوکردنی خوێندنی تۆپهاوێژی بوو لە واشنتۆن، گەنجێکی زیرەك و لێهاتوو بوو، بە ڕەوانی وەك ئیسپانیەکەی بە ئینگلیزی قسەی دەکرد.

هەر لەوێ بە ئەندازیاری مەدەنی وەرگیرابوو و کچێکی خواستبوو، کە کارە تایبەتییەکەی کالداس تەواو بوو، ئەویش گەڕایەوە ناو دەستەکەی، لەگەڵ مندا بووە هاوڕێ و باسی شتی تایبەتی خۆشی بۆ دەکردم، خەمی گەورەی ئەوە

بوو پاش گەیشتنیان ژنەکەی لە ئەمریکاوە بێتە کۆلۆمبیاو بە ژیانی ئێرە ڕازی بێ..!؟ کەوتینە قسە.. هەندێ ئامۆژگاریم کرد ئاگای لەخۆی بێ، لەمێژە بەدەریا سەفەری نەکردووە، بەڵام، ئەو گاڵتەی پێدەهات و بەمنی وت: تۆ ئاگات لەخۆت بێ.. دەریا بڕشێتەوە، من ناڕشێمەوە..! چونکە من دڵنیابووم و حەزدەکەم قسەکانم بێتەدیو ئامۆژگاریەکانم بەفیڕۆ نەچێ, هەر دەم نادەمێ بەبیرم دەهێنایەوە.. ئاگات لە خۆت بێ، نەڕشێیتەوە..!

## بەشی دووەم

## -1-

خەوم لێکەوتبوو،(26)ی شوبات بوو، بە ئاگایان هێنام، کە لە خەو هەڵسام و بینیم کالداس بە هێمنی سینگی دەریا دەبڕێت و گەیشتوینەتە کەنداوی مەکسیک چوومە سەر پردەکە و تەماشام کرد، هەر دەریاو ئاسمانی شینم لێدیاربوو، بەخۆم دڵی خۆم دایەوە و ویستم خۆم ساردکەمەوە و ترسەکە لەدڵم برەوێنمەوە. لەو دەمەدا عەریفی دەریا میگێل ئۆرتیگا، سەرسوڕانی گرتبوو، بیست و چوار سەعات بوو، خۆی پێ ڕانەگیرابوو، شارەزاش بوو، زۆر لەسەرپشتی پاپۆڕان کاری کردبوو، لەسەر پشتی پاپۆڕی گەورەی کۆری ئەمیراڵ بادیلا سەرباز بووەو لە ژیانی ناو پاپۆڕان و دەریا چاك ڕاهاتبوو، نازانم ئەمجارە بۆ وای لێهاتبوو، نیوە مردوو ببوو، بەرزمان کردەوە، هەڵنەدەگیرا، سەری بەرز ڕانەدەگیرا، سەرمان شۆڕکردەوە تا بڕشێتەوە، ڕشانەوە بۆ ئەم دەردە باشە..

ئەگەر بە بیرم بێتەوە لە (26)ی شوباتدا بوو، کەوا رامون هێدیرا پێی ڕاگەیاندم کەوا کار بەرێکی ناڕوات، کاریب ئاسایی نییە. دەبوایە لە نیوەی شەودا لە کەنداوی مەکسیکدا بەرێبکەوین، من هەر لە شوێنی خۆمدا ڕاوەستابووم، بیرم لەوە دەکردەوە کەوا لە شەوێکی خۆش و سامالّ و ئاسمانێکی پڕ ئەستێرە دەگەینە قرتاجەو بە هێواشی کالداس ڕێگای پێشیّ دەبڕێت بەرەو دەریای ئەنتیل.

دەریاوانی کۆن و زانا، هەردەمیّ بیەویّ یەکسەر دەزانیّ پاپۆڕەکە لەچ ڕۆخ و هێڵێکدایە، منیش زانیم ئێستا لە دەریای کاریبین، تەماشای سەعاتەکەم کرد، بینیم سێ دەقیقە لە ڕۆژێکی تازەداین. لە پاش نیوەی شەوەوە پاپۆڕەکە دەهەژا، ئەگەرنا، بەڕاستی و جوان دەستنیشانی شوێنەکەم دەکرد، لەناکاو لەم خەیاڵەدا بووم، ئاوام لیّهات.. سەرودڵم تێکچوو و پێشچاوم تاریك داهات و هێڵنجم هاتیّ، یەکسەر عەریفەکەم بەبیرهاتەوە.

لە کاتژمێری شەشی بەیانی، کالداس زۆرتر کەوتە هەژان، لویس ڕۆنجیفۆ، کە لەسەر چوارپایەکە پاڵی دابۆوە وتی: کوڕی چاك، لەبەر ئەم لەرزان و هەژانە، وەخت نییە دڵت بێتە دەریّ..؟! ئەو ئەندازیارێکی شارەزابوو، ئینجا من

دڵم دایەوە و وتم: نەخێر..؟! لە وەڵامدا وتی: ڕاست دەکەیت، کالداس، گورگە، هیچی لێنایەت، لەم دەریایەداو لە جەنگا، پاپۆڕێکی نقووم کرد..! بەڕاستی قسەکانی لویس هێمن و ئارامی پێبەخشیم، دڵنیایی کردم، کەوا لەسەر ئەم پاپۆڕە کەسێ زامدار نابێ و کەسیش ئازارێ ناخوات.. بەڵام! کە دیمەنی فیلمەکەم بەبیر دەهاتەوە سەغڵەت دەبووم و چۆکم دەشکا..

بە درێژایی ئەم شەوە، دەریا تووڕە و هەڵچوو بوو. هەر بیست و چوار سەعاتم ماوە بگەمەوە مناڵەکانم بە دیداریان شادبم زۆریش دەمێنمەوە و زۆر دوا دەکەوم لە ماری چاوشین، من هەر بۆخۆم شەیدای نوسینی نامەم، ئینجا بۆ ماری بێ..!؟ لەگەڵ لویس، میگێلمان هەڵگرت، بەستەزمانە، لەوەتی بەرێکەوتین زادێ نەچۆتە هەناوی، سەروسیمای گۆڕا، ڕەنگی نەما.! توانای قسەکردنیشی نەما، هەر بە یەکجاری فەوتا. وای لێهات، لێی دەترسام، بەستەزمانە، بۆ وا شپرزە بوو.

کالداس، کەوتە سەما، بەرزدەبۆوەو دادەبەزی، گاڤێ بۆ پێش و گاڤێك بۆ پاش دەچوو، لە سەعات دەی شەوی ڕۆژی (27)ی شوبات, شوێنەکەم ترسی گەیشتێ، ئەو پیاوانەی

لەسەر پردەكە بوون، دڵم بۆیان ترسا، لـە دوای نیوە شـەو بـە لویسم وت: دڵت نەهاتە دەرێ..!؟

بەڵام ئەو هیچ نەگۆڕابوو، بە ڕەقی وەڵامی دامەوە:

"پێش ئەوەی دەریـا مـن بشێوێنێ، مـن ئـەو دەشێوێنم".

بـەڵام ئـەمجارە دەربڕینـی رسـتەكەم وەك جـاران گـەرم و گـوڕ نـەبوو. بانگیـان كـردین، هـەموومان بـۆ لای ڕاسـتی پاپۆڕەكـە بچین. كە ئەوەم بیست ترسام، بە ڕاستی دڵم شێوا.

بـۆم ڕوون بـۆوە كـەوا كالداسـی زەبـلاح بـۆ لای چـەپ دەچێت. تـرس لەلایـەك و هـەموو گیـانم تـەڕ ببـوو، سەرماشـم ببوو، لەو كاتانەدا، عەریف میگێلم بەبیرهاتەوە، لەوكاتەی كە نەیدەتوانی سەری بەرزبكاتەوە. كە چاوانی تێكچووبوون، كە ویستی هەڵسێ، سەرو سەرا كەوتە خـوارێ، بـە چوار دەستە بەرزمان كردەوەو لەسەر نوێنەكەی خۆیدا درێژمان كرد. لێـی نزیكبوومەوەو ویستم بە بزەی بهێنم وتم:

"ئەمجارە دوا جارە، واز لە كاری دەریا بهێنین، تـەواو..!! تۆ دەڵێی چی..".

لـە كاتـژمێری چـواری رۆژی (28)ی شـوباتدا، لـە دواوەی پاپۆڕەكـەدا، كۆبوینـەوە، لـە كۆبونەوەكـەدا، رامـون هێـدیرا و سـەرۆكی دووەم گویـارمۆ روز، ئامـادەبوون. ئێمـەش شـەش كـەس بـووین. مـن و هاوڕێكـەم تەماشـای كۆگـەی خـەڵووزمان

دەکرد. بیرم بۆ ئەوە چوو، کەوا ئەمجارە دواجارە لەم پاپۆڕەدا دەسوڕێمەوە، دواجارە..! دوا.. لە کاتژمێری حەوتی بەیانی پاسەوانێك هات و منی گۆڕی، دیسان بیرم لەوە کردەوە، کەوا ئیشەکە، دواجارە.! هێشتا هیچ ڕووی نەدابوو، بەڵام! باهۆزەکە، بە تەوژم و بەهێز دەبوو، رامون هێدیرا لە دوایی کالداسدا بو لویس رۆنجیفۆ، لە بنکەی رزگاری و فریاکەوتن بوو، سەماعەی لە گوێ کردبوو، میگێل ئۆرتێگای بەستەزمان لەبەر ژانی سەری، گینگڵی دەخواردو خۆی لە پەڕۆیەك لوول دابوو، ئەم دیمەنانە، دیمەنی هاوڕێکانم، دوا دیمەن و دواجارە کە بە سەلامەتی دەیانبینم، زۆری نەمابوو دەریای گەورەو هار و شێت قوتیان بدات و هەموویان بفەوتێنێ.!

برادەرێك چەند پارچە کارتۆنێکی کۆکردەوە، تا لە سەریان بخەوێت، هەندێکیشیان چاویان بڕیبوە ئاسمانی شین و جوان، هێدی هێدی باهۆزەکە بە تەوژم تر دەبوو، وای لێهات نوستن و ئارامی نەما.

## -2-

لـويس رۆنجيفـۆ، پرسـياری کـاتی لێکـردم، منـيش وەڵامـم دايـەوە، کـەوا سـەعات يـازدەو نيـوی تـەواوە. ببـوە يـەك سـەعات، پاپۆڕەکـەمان هاوکێـشی نـەمابوو، پاپۆڕەکـەم زۆر بـە ناپەسـەند دەهاتــە پێشــچاو، زۆری لێ دەترســام. ديــسان بــە بڵنــدگۆوە هاواريان کرد.

"هەمووتان، بۆ لای راستی پاپۆڕەکە ڕابکـەن و کـەس لـەلای چـەپ نـەمێنێ". مـن و هێـديرا. هـەر ماينـەوە و زۆريـش بـيرم لـە عـەريف ئۆرتێگـا دەکـردەوە. ئـەو سەرسـوڕانی دەريـای پێـوە نووسابوو، ژانەکەی زۆر بـوو، وێك هـاتبۆوە. لـەم خەياڵـەدا بـووم کـە پاپۆڕەکـە خواربـۆوە.! وەك بيـەوێت سـەروبن بێـت، هەناسـەم گيرا.! سەرسام, حەپەسام. شـەپۆلی تونـدو گـەورەی ئـاوی دەريـا بە تورەيی، خـۆی کـردە نـاو پاپۆڕەکـە، بە يـەکجاری تـەڕ بووين، وەك ئەوەی تازە لە ئاوا هاتبێتينەتە دەرێ، لە پياوی ناو ئاومان دەکرد، هەتا کونی گوێمان پـڕ ئاو ببـوو، راسـتە گـەر بڵێم لـويس رۆنجيفۆ مێشکی نـاو کەللـە سەريـشی پـڕ ئـاو ببـوو، بۆيـە بينـيم زۆر تووڕە ببوو، يەکەم جارە وا بە تووڕەييەوە بيبينم.

"هـەی نـەفرەت لێکـراو، هـەی پـاپۆڕی سـەگانی، دەتـەوێت وەرگەڕێیت..! دەتەوێت  نەگەڕێیتەوە دۆخی جارانت...".

لە ناکاودا، رامون هێدیرا، هاواری کرد:

گـشت گوریـسەکانی کەلوپـەل و زەخیرەکـان بـەخێرایی بپسێنن.!!

گـشت گوریـسەکان بقـرتێنن و کاڵاکـان شـۆڕکەنەوە بـۆ نـاو ئاو.! با بارمان سووك بێ!

مـن یەکـەم کـەس بـووم، بـەم بڕیـارەم زانـی، کاتـژمێر دەی دەویـست بـۆ دوازدە. بـەکاری ڕۆکردنـی بارەکـە دەڵـێن "ماڵینی بـار بۆسـوککردن". بۆیـە دەبـێ چـەندین تەلـەفزیۆن و ڕادیـۆ و جلشۆرو بەفرکەر هەبوو، هـەموویان فڕێبدەینـە نـاو دەریـا، دەبێ ئێمەش، دەریاوانەکان، پاشکۆی پاپۆڕەکە چۆڵ بکـەین و روو لـە بنکەی پێشەوە بکەین، ئەگەرنا شەپۆلەکان بە ئاسانی پـاپۆڕێکی وا سووك و بێبار دەفڕێنێ.!

پاپۆڕەکـــە، بـــە نەبـــەزیوی و چوســـت ڕێـــی دەبـــڕی و شـەپۆلەکانیش هاژەیـان دەهـات، هێـدیرا، خـۆی لـە چـارۆگەیەك لـوول دا و پاڵکـەوت، ئاوەکـەش وازی نـەدەهێنا، ئـەمجارە بـە تونـدی شـاڵاوی هێنـا، بـەڵام، ئـەوەمان باشـبوو، چـاك خۆمـان پێـچابۆوە. دەنگـێ هـات، بڕیاریـان دا، گوریـسەکان بپـچڕێنن و خۆمان بە قایشی رزگاربوون ببەستینەوە.

کـە شــەپۆلەکە، رادەوەســتا، بێدەنگییــەکی بەســام خــۆی دەنوانـد و ئاسـۆی بەرامبـەرمان کـپ و بـێ خـشپە دەبـوو، تـەنیا گـوێم لـە چـرکەی کاتژمێرەکـەم دەبـوو، جارجـاریش نیگـام بـۆ لویس رۆنجیفۆ تێدەکرد، کەوا، بەدەستێك بڵندگۆکەی گرتبـوو و بە دەستەکەی تری قایشی رزگاربوونی بەدەستەوە بوو.

دە دەقیقـەی تـەواو خـۆم بـە چـرکە چـرکی سـەعاتەکەمەوە خافڵانـد، رامـون هێـدیرام لێ دیـاربوو، وەك بـت راوەســتابوو، نـەدەجوڵا. ویـستم بـزانم، بـە راسـتی وەك بـیرم بـۆی دەچـێت، چارەکە سەعاتێك ماوە بۆ دوازدە، تەماشای سەعاتەکەم کرد، کە جوڵامەوە، زانیم جەستە و دەستم، هەمووی کەوتۆتە ناو ئاوەکە , پاپۆڕەکـە چـرکەیەکە بـە هـەواوە راوەسـتاوە، بارەکـەش گـل دەبێتەوە, بۆ ناو ئاو. ئاو گەیشتە گـەردنم، کەوتمـە مەلـەو نقووم بـووم، سـەرم دەرهێنایـەوە، ملـم درێـژ کـرد تـا نـەخنکێم. لـویس رۆنجیفـۆم لێ دیـار بـوو، خـۆی گـیر کردبـوو، دەستیـشم هـەر بـە بڵندگۆکـەوە بـوو. یـەك دوو چـرکە لـەناو ئـاودا مامـەوە ، زۆری نـەمابوو بخنکـێم ئەگـەر سـەرم بـەرز نەکردبایـەوە ئەگـەر هـەوای فێنـك و شـیرینی ئاسـۆی دەریـام هەڵنەمژیبایـە، ئـەوا بێگومـان دەخنکـام. دووبـارە سـەرئاو بوومــەوە. چـاوم لـە سـەندوقێکی بارەکەمان گیرا، لەگەڵ شەپۆلی تووڕەو توند بووم، تەنیا بووم..

## -3-

هەر دوو سەد مەتر لە کالداس دوور بووم، کە نقوم بوو، کە لێم گوم بوو! سەرەتا خۆم بە تەنیا لەسەر رووی ئاوەکە دەبینی، تەنیا بووم! پاش گاڤێك. کۆمەڵە سندوق و هەگبەو دەستەی بەستراو لە بارەکە کەوتنە سەر ئاوەکە. بە کەلوپەل و کالاّکاندا دیار بوو. کەوا، پێش گاڤێ، پاپۆڕێك لێرە نقوم بووە! بێجگە لەو شتانە هیچی تر نیشانەی بوونی پاپۆڕێك نەبوو لەسەر ئاوەکە. دەنگی جیم ئامادۆر کاربللوم هاتە گوێ، ئەو سەرۆکی یەکەم بوو، لاوێکی قۆزو رووخۆش بوو، کە ئەوم بینی، یان گوێم لە دەنگی بوو، مەزاجم کرایەوە، هەستم کرد، تەنیا نیم، خەڵکی تریش هەن و ماون و هاوڕێم هەس. دوایی هاواری چەند کەسی تریشم بیست، لە دوورەوە نوزەیان دەهات، هەر ئەوەنە بوو گوێم لێبوو. نزیکترین ئاوەدانی و شار 200 میل دوورە، زۆر دوورە.! کە بیرم لە دووریەکە کردەوە، دڵتەنگ و بێزار دەبووم، بەلاّم پشتم بە سندوقەکانی سەر ئاوەکە قایم بوو، دەهاتنە پێش. دڵم خۆشبوو. کەوا دەتوانن پارێزگاریم بکەن، هەتا دەگەنە

فریــام.. دوایـــی دوو بەلــەمم لێ بەدیارکــەوت، ســەوڵەکانیان نزیکەی هەفت مەتر لێیان دوور بوو.

گەرچی هـاوار و نووزەی هاوڕێکانم، دیمـەنی کارەسـاتی جـەرگبڕ و پرســەدار بـوو، بـەڵام دەرکـەوتنی دوو بەلـەم، لـەم ڕۆژە ڕەشــەدا، بوونــە فریــشتە و فریـام، هیـوام پەیـدا کـرد.! یەکـەمیان، ژێــر بـوو، گـوم بـوو.. کۆشـشم کـرد، تـا ئـەوەی دووەمیــان نقـوم نــەبووە بــە مەلــە خــۆمی بگەیــەنمێ، هــەتا ماندوو نەبووم و تاقەتم هەیە.. با بیگەمێ. ترسـام سندوقەکە جێبهێڵم بۆ بەلەمەکە بڕۆم، ئەویش نقوم بێ. دەترسـام.! لـە دواییــدا بڕیــارم دا بـۆ لای بەلەمەکــە بــچم، بــە ســێ دەقیقــە گەیشتمە لای، هـەر گەیـشتمێ و نەگەیشتمێ، لێم گوم بوو، لەبەرچاوان ون بوو.! بەڵام! شوێنەکەیم دەستنیـشانکردبوو، دەمزانـی دەیدۆزمـەوە، لـە ناکـاو بـۆم بـەرزبۆوە , لـە تەنیـشتم وەك بوك ڕاوەسـتا، دەسـت بـەجێ پـڕم دایـە، بە سـێ هـەنگاو توانیم دەستگیری بکەم، بەلەمێکی سپی و گەورە و چۆڵ لـەم کات و لەم تەنگژەدا دڵت چی دەوێت.. خـۆم هەڵدایـە نـاوی و پڕ بە دڵ و بە شادییەوە وتم، ئۆخەی.!

ســێ بـرادەرم لێدەرکـەوتن، هاواریـان دەکـرد، خۆیـان بـە کەلوپەلـە شـپرزەکان گرتبـۆوە، هێـشتا قایـشی ڕزگاربونیـان پێوە مـابوو، هـەر دە مـەترێك لـە مـن دوور بـوون، بەدەسـتیان

شەپەشەپیان دەکردو تاقەتی مەلەوانیان مابوو. منیش بە هەموو هێزمەوە کەوتمە سەوڵدان و بۆیان چووم، هەر چەند تاقەتم هەبوو، سەوڵم لێدەدا، لویس رۆنجیفۆم بینی بەهێوا و بڕواوە باسکە مەلەی دەکردو دەهات، قسەکەم بەبیرهاتەوە، کە دەیووت "من دەریا دەشێوێنم و دەریا ناتوانێ من بشێوێنێ..!"

## -4-

هەرسێ برادەرەکانم لێ دیار بوو، هەر یەکێکیان لە قوڵێك بوو، بۆ کامیان بچم! ئەو بڕیارە زەحمەت بوو، بۆ کامیان بچم..!! پێش چەند ساتێك هێدیرای پاڵەوانم لە تەنیشتمەوە پاڵی دابۆوە، ئەدی رۆنجیفۆی هاوڕێم، ئەو لە هەردووکیان باشتر بوو..! ئەو بە بڕوای بەهێزەوە دەهات..بە جەرگبوو،بەجەرگ، .. بۆ لام دەهات، دیاربوو بگاتێ، ئەگەر گەیشتبایە لام دەبووینە دوو کەس. هەرچەندی پێم کرا، کۆششم کرد، بەڵام! بەلەمێکی درێژی دوو مەتری و من ماندوو و ترساو، زەحمەت بوو بتوانم زۆرتر بەرەو لای بڕۆم.. من ماندوو و شەپۆلی گەورەی شێت، زەحمەتە.! بینیم، ئەدواردو کاستێللۆ و خۆلیۆئەمادۆر خۆیان بە ملی یەکترییا شۆڕکردبۆوە، هەرسێ مەتر لە من دوور بوون، گەر کەمێکی تر بۆ پێشەوە هەنگاویان هەبوایە، ئەوا ئەمتوانی سەوڵەکەیان بۆ درێژ بکەم و رایانکێشم, بەڵام! داخی گرانم ئەو شەپۆلەی کالداسی زەبەلاحی گوم کرد. منی لەوان دوورخستەوەو ئەوانی گوم کردو خنکان.! بەڵام لویس رۆنجیفۆ بە هێمنی و ئازایانە هەردەهات.. هەردوو مەتری مابوو بمگاتێ، زۆری نەمابوو سەوڵەکەمی بگاتێ و بانگی کردم، دەنگی ئەو دەهات، هاواری ئەو دەهات، بەڵام وا دەزانم

دەنگی منی نەدەگەیشتێ، کەوتم ناتوانم، تۆ وەرە، کۆششبکە، تۆ وەرە.. تـۆ ورەت بەرزکـەو کـەمێکی تـر وەرە پێـشەوە وەرە.. دەی وەرە.. تـا سـەوڵەکەمی ڕەوانـە بکـەم.. هـەتا ئـەو خـۆی پـێ شـۆڕ بکاتەوە، بەڵام، شەپۆلەکە، ئەمجارە وای شێواند، کەشـەکەی گۆڕا، پێنج مـەتر دوور کەوتـەوە، هەرچـەندی ویستم خـۆمی بگەیـەنمێ، نـەکرا! بەلەمەکـە گیربـوو و نەجوڵایـەوە. ئـەوم لێ دیـار بـوو، دوا هاواریشم گوێ لێ بوو، هەر هاواری دەکرد.

داوای دەکرد، فریای بکەوم. بـەڵام شـەپۆلەکە و دەریـا شـێتەکە گومیـان کـرد، چـەندی تەماشـام کـردو چـاوەڕوان بـووم و هیـوام هـەبوو سـەر ئـاو بکەوێتـەوە، کـە برادەرەکـانم گـوم بـوون، شـتم لەبەرچاوان نەما، بەڵام نەشێوام و چاوەڕێ بووم. بایـەکی بـەهێز لـە کراسـەکەی بـەرمی دەدا، وە ك سـەگوەڕ دەنگـی دەهـات، لـەو کاتانەدا بیرم لەوە کردەوە ڕەنگە کالداس نقووم نـەبووبێت و ڕەنگـە خـۆی گرتبێتـەوە. خـۆ ئەگـەر کالداسـیش نقـووم بووبێـت، ئـەوا برادەرەکـان، بـەهۆی شـەش بەلەمەکـەی نـاو کالـداس و ئـەو چـەند بەلەمـە بچوکانەی راو و کەلـەکی تایبـەتی تـر، رزگاریـان بووە، بـێ هیـواو رەشـبین نـەبووم، هـەر تـەنیا نامێنمـەوە، زۆر ناخایـەنێ، هـەواڵیان دەبـێ، دەنگیـان دەبـێ, دوایـیش، دەگەنـە فریامـان و پـەلمان دەگرن و رزگارمـان دەکـەن، سـەعات دوازدەی نیـوەڕۆ بـوو، تیشکی گەرمی خۆر خۆشیەکی دەبەخشی.

## -5-

ئەو دەمانەی هاوڕێکانم لە ئازار و چەرمەسەری و کۆشش بوون بۆ رزگار بوون، ئەوەندەی قسەم لەگەڵ کردن و پێش خنکاندنیان هاواریان کرد، ئەوەندەی لەگەڵ نقومبونەکانیاندا بووم، چەندی سەوڵەکەم بۆیان رەوانە دەکردو سەوڵەکەم رەپێش دەکردو لێیان دەچومە پێش و شەپۆلی شێتی تر هاتن، ماوەیەکی زۆر بوو، وامزانی سێ سەعات دەبێ، بەڵام لە راستیدا هەمووی دە دەقیقە بوو ، ئەو هەموو دیمەنانە هاتن و رۆیشتن، وامزانی ماوەیەکی درێژەو زۆری نەماوە فریاکەرەکان دەمگەنێ و دەستیان دەرمدەهێنێ، بەڵام دەرچوو، تەنیا دە دەقیقە بوو!

بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەوان دواکەوتن، ئەگەر سێ سەعاتیان پێچوو، ئەگەر هەر ئێستا نەهاتن..! هەرگیز بەرگە ناگرم، دلمْ شەق دەبات. دەبێ کۆڵ بدەم، خۆم بفەوتێنم چۆن دەکرێ! بێ نان و بێ ئاو، ئەدی گەرماکە، کەللەی سەرم تەقی.!

کلاوەکەشم لەسەر نەمابوو.. ئەویشم چوو. هەناسەیەکم هەڵکێشاو سەرم لە ئاوەکە هەڵهێنا، تا کەمێك فێنکم ببێتەوەو تینوێتیم بشکێ، ئاوەکە سوێر بوو، کەڵکی ئەوەی نەبوو قومێکی

لێ بخۆمەوە! هەستم بە ژان و برینێ لە چۆکمدا دەکرد و پانتۆڵەکەشم تەڕو تەسك بوو، بۆیە نەدەکرا و نەدەبوو هەڵیکەم و تەماشای برینەکەی چۆکم بکەم. نەمدەزانی برینەکەم چییە، قوڵە، سەرچیغە یان هەر داماڵایە، رەنگە کە بەربوومەتەوە ئازاری بەرکەوتبێ، یان، لە هەڵگێرو وەرگێڕی ناو کالداسا ئازارم خواردبێ، هەتا پشوم نەدا و برینەکە سارد نەبۆوە، هەستم پێ نەکرد، خوێنیشی لێنەهات, دیارە هەر بە ئاوە سوێرەکەی دەریایە برژاوەتەوە..

دەمزانی بەچی خۆم بخافڵێنم، بەچی خۆم خەریك بکەم، تا دێن، تا دەگەنە سەرم، هەر هیچیان پێ نەچێ، سێ سەعاتی دەوێت.. بەڵێ.. کەمێك سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد، ئەنگوستیلەکەی پەنجەم دەسوڕاندو شتم بە بیر خۆم دەهێنایەوە، کە پار لە قرتاجە ئەم ئەنگوستیلەم چەنگ کەوتبوو، ئەدی زنجیرەکەی ملم کە بە سی و پێنج بیزۆس لە دەریاوانێکی خۆمانم وەرگرتبوو، ئەوانەش گاڤێکی تری خافڵاندم، دەستم بۆ گیرفانم برد، کلیلی دۆلابەکەم، هاتە دەست، سێ بلیتی بەریدیشم دۆزیەوە کە دوکاندارێك لە موبیل بۆ یادگار پێشکەشی کردم، گەر ئێستا شووشەیەکم لەلابایە، هەرسێ پلیتەکانم دەهاویشتە ناوی و بە ئاومدا دەدا، ئەوەش جاران دەریاوانی سەرگەردان و بەجێماو تەنیا وایان کردووە، منیش وام دەکرد.!

# بەشی چوارەم
## -1-

کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆیە و دەریا هێمنە، بێجگە لە رووی دەریاو سنگی ئاسمانی شین هیچی تر بەدی نەدەکرا، هێڵێک، خاڵێک، رووانگەیەکم نەبوو رووی لێبکەم و بۆی بچم، ئەوە دوو سەعاتی تەواوە، من دەڕۆم، بایەکی بەهێز پاڵم دەدات، دەڕۆم، نازانم بەرەو کوێندەرێم دەبات. زۆر خێرا دەڕۆیشتم، خۆ ئەگەر هەموو هێزم بۆ سەوڵ لێدان بەکارهێنابایە، ئەوەندە خێرا نەدەبووم. دەمزانی ئاستەکەم راستە و راست دەڕۆم، بەڵام! ئەوەم نەدەزانی، بۆ کەنار دەڕۆم، یان بۆ قوڵایی دەریا.! دەبێ کەسێ هەبێ بیری بۆ ئەوە بچێت، یان، هەست بکات، مرۆڤێك لە قوڵایی دەریایە و تەنیاو بێ ئاست دەڕوات و روانگەی دیار نییە..!؟!

ئەوە دوو سەعاتە، دەقە دەقە، رووداوی کارەساتەکە دێنمە پێش چاوی خۆم، هەر لە ساتی وەرگەڕانی کالداس و خنکاندنی هاوڕێکانم و تەنیایی خۆم

"دەبێ ئەو هەواڵە نەگەیشتبێتە قرتاجە.!!"

"دەبێ کەی بێن.. یان کەی و چۆن شوێنی ڕووداوەکەو من دەدۆزنەوە؟!" بەم وردە خەیاڵانە، خۆم دەخافڵاند و دڵی خۆم خۆشدەکرد و هیوام لەلا گەڵاڵە دەکرد. سەوڵەکانم کردەوەو لە تەنیشت خۆم دامنان، بە پەرۆشەوە تەماشای ئاسمانم کرد، چاوەڕوانی فڕۆکەی رزگارکەر بوم. بەڵام! لێوەکانم بە ئاوی سوێر دەبرژانەوە، سوتانی لێوم خەیاڵەکەی دەپچڕاندم. دلم گیرابوو، هیچم بۆ نەدەخورا و پێویستم بە خواردن نەبوو، پێویستم بە فڕۆکەی رزگارکەر هەبوو. هەر ئەو نیازەم هەبوو، بەو هیوایەوە دەڕۆیشتم و وام دەزانی چەند بڕۆم باشترەو رزگارکەرێ دەردەکەوێت. دوگمەکانی کراسەکەم کردەوەو ئامادەم کرد، هەرکە فڕۆکەکە دەرکەوت، زوو زوو لەبەری بکەمەوەو بۆی راوەشێنم، بە چوار دەوری خۆمدا دەمڕوانی، لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ دەنگ و گڤەی ناسازی بایەکە دڵتەنگی کردبووم، لەو ساتانەدا هاوارکردنەکەی لویس رۆنجیفۆم بەبیر خۆمدا دەهێنایەوە، کە بانگی دەکردم، بۆ ئەوەی رزگاری بکەم، یان دەمووت: ئەوان نەخنکاون و وەك من بەجێنەماون و تەنیانین، هەر کەسەو لەناو ماڵ و مناڵی خۆیەتی، شادمانن و پێدەکەنن، وا منیش

لێــره چــاوەڕێی فرۆکەیــەك دەکــەم و بمگاتــێو گوریــسە پەیژەیەکم بۆ شۆڕبکاتەوەو بۆی سەرکەوم.

"سەیرە! کات دەڕوات و درەنگ داهات و نەهاتن!"

"حەقیانە! تا هەموو کۆدەبنەوە و سەرژمێری دەکەن و بۆیان ئاشکرا دەبێ، کەوا من جێماوم و ئەوەش کاتژمێرێکی دەوێــت و خــۆ فرۆکەکــەش نیــو ســەعاتی دەوێــت هــەتا هەڵدەستێ و هەتا دەگاتێ، هەردێن و زووش دێن، بەڵام! دەبێ من بەرگە بگرم و سەبرم هەبێ.."

"گومانی تێدا نییە لە چوارو نیوەوە، حازرن و دەگەنە سەر سەرم.."

## -2-

یەکەم جار دەمووت، زۆر زەحمەتە، من بەتەنیا بتوانم سێ کاتـژمێریش بمێنمـەوە، پێنجـی ئێـوارە، بـوە پێـنج سـەعات، راهـاتم و چـاوەڕوانیم لا بـوە ئاسـایی، خـۆر بـەرەو ئـاوابوون دەچوو، خۆر بە رەنگێکی سوور و بە گەورەیی لە بەرامبەرمدا دیـاربوو، "ئێـستا ئاسـانەو چاك دەتـوانم نیـشانی مەڵبەنـدی هاتنی فڕۆکە بکەم". خۆری سوور کەوتە لای چەپم و منیش تەماشـای بەرامبـەری خـۆم کـردو چـاوەکانم زەقـترو گـەورەتر کـردو رازی نـەبووم بـۆ یـەك چـرکەش چـاوەکانم بنـوقێنم، هەرچەندە ئاویشی دەکرد, بەڵام من هەر تەماشای بەرامبـەرم دەکـرد، بـە کلۆفـەوە و لـەناو تاریکیـدا تـا کاتـژمێری شەشـی ئێــوارە, تەماشــای بەرامبــەری خــۆمم کــرد، لــەدڵی خۆمــدا دەمووت:

"باشـە لـەم ئەنگوستەچـاوە تاریکـەدا، چـۆن فڕۆکـە، مـن دەبینـێ، ئـەدی مـن، چـۆن فڕۆکـە دەبینـم، زەحمەتـە..!" دڵـی خۆم خۆشدەکرد، بەوەی کەوا فڕۆکە گڵـۆپی سـوورو سـەوزی پێوەیەو بە ئاسانی و بـەخێرایی دەیبینـم، بـەرەو پیرم دێت..

کە ڕەنگی ئاسمان سوورتر هەڵگەڕا، کە بووە پەمەییەکی تۆخ، دڵشاد بووم..! هەر لەبەرخۆمەوە وتم:

"ئێستا کاتەکە باشەو چاك و جوان دەستنیشانی فڕۆکەم پێدەکرێت". کە یەکەم ئەستێرە دەرکەوت، وامزانی، ئەستێرەکە وتی، ئەوا شەو داهات!

کەمێ تاریك داهات، چاوچاوی نەدەدیت. دەستی خۆم لێ دیار نەبوو.! زۆر بێزارو پەست بووم، کە ڕۆژ بوەوە، وا دڵتەنگ و پەشێوکاو نەبووم تاسابووم، گەر ئاوی ژێر بەلەمەکەم نەجوڵابایە، هەستم نەدەکرد سواری هیچ بوویمە.! دەترسام، لە ژیانما ئەوەندە نەترساوم، سەرسام ببووم، هەستم بە تەنیاییەکی ئەفسوناوی و چۆڵی کرد. دووبارە ویستم بە کاتژمێرەکەی دەستم خۆم خەریك بکەم، دەی دەویست بۆ حەوت، ماوەیەك رابورد، وام هەستدەکرد، سێ سەعاتە, بەڵام کە تەماشای دەستم کرد و دیقەتم دایە سەعاتەکەم، بینیم، هەر پێنج دەقیقەیە. میلی کاتژمێرەکەم لەسەر ژمارەی حەوت وەستا، خەنی بووم، ئۆخەی، خۆ گەیشتە حەوت.! ئێستا خۆر سیوارەی دەدات و بەیانی دەبێتەوە، فڕۆکەکان بەهەشتاویی بۆم دێن، بە پەلەن و چاوەڕێن، ڕۆژ ببێتەوە..! بەڵام کە سەرم هەڵبڕی، بەیانی چی! ئاسمان سینگی مشت ئەستێرەی پرشنگدارەو تازە، ئێوارەیە..!

لەسەرمان وێکهاتبومەوە، گەرچی بایەکی ساردی دەهات، جلەکانیشم هەموویان تەڕبوون، هەرکەسێ سواری بەلەم بێ، پێی خۆشبێ و پێی ناخۆشبێ، هەر تەڕ دەبێ، بەلاّم وەك سەبەتەیەکە لەسەر ئاو. دەلەنگێ، هاتوچۆ دەکات، بە قولاّیی مەترونیوێك چووبوە ناو ئاوە شیرتێنەکەوە. ئێمە چل خوێندکاری دەریاوان بووین، دەرسمان دەخوێندو نموونەیەکی بچوکی بەلەممان لە پێش بوو، بڕبڕەیەکی تیژو پارێزەری لە ژێرەوە بوو، باشبوو، ئەوەم بەبیرهاتەوە، بەوە دڵم کەمێ ئەهوەن بۆوە، ترسی ئەوەم نەما، کەوا گیانەوەرێکی زەبەلاحی ژێر ئاو بتوانێ توخنی بکەوێت. دیارە کەوا مامۆستاکەم، ئەو بیردۆزو راستیەی لە گیرفانی خۆی دەرنەهێنابوو، بەڵکو دیاربوو، کەوا تاقیکردنەوەی لەسەر کراوەو بە ئەزموون سەلمێندراوە، هەروەها، زۆرم بەبیردەهاتەوە، ئیمڕۆ سوودیان زۆر بوو، ئەوان دەیانووت، مرۆڤی ناو دەریاو لەسەرپشت بەلەم، نابێ لەسەر رۆخی بەلەم دانیشێت، نابێ! ئەگەرنا توشی چەرمەسەری و پەلامار دەدرێ، هەروەها گشت گیانیشی تەڕدەبێ، ئەگەر ئەوەشم نەزانیبایە، خۆ من ترساو و تەنیاو دڵسوار، چۆن دەوێرم، وا دانیشم..!!

قەت نەمزانیبوو، لە ئاسماناو بە شەوا، ئەستێرە ئەوەندە زۆرن.! ئەستێرەکان وێنەکانیان لەسەر رووی دەریاکەدا دەردەچوو، زۆربوون! بستێك نەمابوو وێنەی ئەستێرەی لێ نەبێ.. ئای کە ئەستێرە زۆرن، لەسەر رووی دەریا دیارن و دەجریوێنن.

ئێواران، لەگەڵ رامون هێدیرای هاوڕێدا، بە بالوورەو وتنی گۆرانی و ئاوازی گیتارەوە تەماشای ئەستێرانمان دەکرد. لەسەر رۆخی پردی مانگا دادەنیشتین، هێشتا تیشکی هەتاو دەرنەکەوتبوو، تەماشای ئەستێرەکانمان دەکرد، دەچووینە لای سیرو دیلایوبا، لەوێ ئەستێرەکان جوانتر دیار بوون، تا خۆر هەڵدەهات.. بڕوا دەکەم خەڵکێکی زۆر ئێستا تەماشای ئاسمان دەکەن و چاویان بە ئەستێرەکان بەندە، وەك من تەماشا دەکەن.. وەك من.. بەم خەیاڵە! دڵم قیچێك کرایەوە.. کەیفم ساز بۆوە.. خەڵك هەن، وەك من چاویان لە ئاسمانە و سەیر دەکەن!

شەوی یەکەمم بە ناخۆشی ڕابوارد، هیچ نەبوو پێوەی بخافڵێم، رۆژەکەش، کاتی ترس بوون لە گیانەوەرو مەراق خواردن لە سەیرکردنی کاتژمێرەکەی دەستم، لە داخانە، زۆری نەمابوو، سەعاتەکەم لەدەست بکەمەوەو فڕێی بدەمە ناو ئاوەکە، ئەو سەعاتەشم نەویست، سەدقات خۆشترە لە

سـەیرکردنی کـات و چـاوەڕوانی. ئەگـەر واش نەکـەم، بـا لەدەسـتی بکەمـەوەو لـە گیرفـانی پانتۆڵەکـەمی ببەسـتم و لـە کۆڵم ببێتەوە, بەڵام! دوودڵ بووم، ئەوەشیانم نەکرد، بەهەمان شـێوەی دوێنـێ نیـوەڕۆ، دەقیقـە، دەقیقـە، تەماشـای کـات و میلـەکانیم دەکـرد. قـورگم پـڕ ببـوو لـە گریـان، هـەتا نیـوەی شەویش، خەوم نەهات، نیازی خـەوتنم هـەر نـەبوو. سـەرەتا، تەماشای ئاسمانم دەکردو وڕکم لەوە گرتبوو، فڕۆکەیەك بێتە فریـام و بـەرزم بکاتـەوە، وا ئێـستا ئەوەشـی هاتـە سـەر، چاوەڕوانی پاپۆڕێ بووم، تەماشای ئاسۆی دوورم دەکردو بە تـەمای دەرکـەوتنی روونـاکی پـاپۆڕێ بـووم، چـاوێك لـە ئاسمـان و چـاوێك لـە ئاسـۆی بـەرینی دەریـا. سـەرما زۆرتـر کاری تێکردم. هەر دەهات ژانی چۆکیشم زۆرتر دەبوو، بەڵام، ئـەوەم چـاك دەزانـی، کـەوا، سـەرما تـرس و ژان و تـەنیایی و چاوەڕوانی، هـەموویان دەچنەوە ماڵی خۆیـان، ئەگـەر چـرای پاپۆڕێـك دەرکـەوێت، وەی ئەگـەر دەهـات، هـاوارێکم دەکـرد، دونیام بە ئاگا دەهێنا.. پاپۆڕم دەهێناو دەهات..!!

کـازیوە، زوو دەرنەدەکـەوت، شـەوم لـە ڕۆژ بـە درێـژتر دەزانـی! وەك ڕۆژانـی چـاوەڕوانیم، لەسـەر ڕۆخـی بەلەمەکـە ڕۆنیشتم، بەهزری مـن، ئـەم شـەوە، لـە دوازدە کاتـژمێر درێـژتر بوو، دەبێ ئـەم شـەوەش لـە شـەوەکەی تـر درێـژتر بێـت.!؟ بـێ وەسـتان، بەلەمەکـەم دەڕۆیـشت, بـەلام! چـۆن بـزانم، چـەند ڕۆیـشتووم، چـەندم بڕیبـوو، خـۆ هیـچم نەهاتـەپێش، هیـچم لێـدیار نییـە! نیـشانەیەك، بۆیـە وام هەسـت دەکـرد، هـەر لـە شوێنی خۆمم و یەك سانتیمەتر نەجولاوم.

کاتـژمێر حـەوتی بەیانییـە. کـاتی ڕازاندنـەوەی مێـزی نـان خواردنی بەیانییە، سەرمێز پڕە لە هێلکەو پەنیرو نان و سێو و گۆشت، هەموویان ریزکراون، لیکاوم هاتـە خوارێ، هەستم بـە برسیەتی کرد و خواردنم بەبیر هاتەوە.

بۆ ئەوەی نەوسەکەم بڕەوێتەوەو خواردنم لـەبیر بچێتەوە، سـەرم لـە ئـاوە سـوێرەکە هـەڵێنا، سـەرما تەزانـدمی. لەبەرخۆمـەوە، وەك وڕێنەبکەم. دەمووت: "بلێ، هـەی گـەوج و نـەفام , گێلێکـی وەك مـن، بـۆ لەگـەڵ رامـون هێـدیرا کـشامەوە

دواوە، خـۆ کـارێکم پـێ ڕانەسـپێردرابوو؟! بۆچـی کـشامەوە پشتەوەی پاپۆڕەکە؟!

بە خۆڕایی و بێ مەبەست چووم، خۆم تێهەڵقورتاند، هـەر بەگەڵی کەوتم، بڵی بۆ وەك بەردێك لە ئەرزەکە نەدەچەقیم! بۆ جولآم! ئێستا وەك ئەو رزگارم دەبوو، توشـی ئـەم ڕۆژە ڕەشـە نەدەهاتم، ئەوەش بەدبەختی خۆمە!؟"

زیـاتر دڵتـەنگ و تەنگەنەفـەس دەبـووم، دیـسان بـە نیـازی ئەوەی کۆتی ئەم خەیاڵە بەرم بدات و وازم لێ بهێنـێ، تەماشـای سەعاتی دەستم کرد، هێورو شادمان و دڵگەش بووم، چونکە زوو بوە سەعات یازدەو نیو. باواز لە کاتژمێرو نیوەڕۆ بهێنم.!

"دەبـێ ئێستا بـزانن مـن دیـارنیم، باشـە، بـۆ نانێرنـە دوام، بۆچـی لـە دوامـا ناگـەڕێن..؟! تـاوانی خـۆم بـوو، لـە کالـداس دابڕام. بۆچی توشـی ئـەم بەڵەمـە بووم، ئەگـەر وەك هاوڕێکـانم خۆم گیرکردبایە، ئێستا ساغ و سەلامەت دەگەڕامەوە..!!".

لـە دوورەوە خـاڵێکی ڕەش و بـچوك، بەقـەد دەنکـە نیـسکێ دیـــاربوو، هەڵـــسامەوە ســـەرپێ، چـــاوەکانم بـــۆی بەنـــدکرد. ئەوەندەم تەماشاکرد، هەتا ڕێشکە و پێشکەی کرد، چاوەکانم ئاویان کرد. بازنەی ڕەنگاوڕەنگ لەپێش چاوانم دروستبوون. دوایـی زانـیم فڕۆکەیـە. بۆیـە کراسـەکەم ئامـادەکرد، کـە نزیـك کەوتەوە بۆی ڕادەوەشێنم.!

# بەشی پێنجەم

## -1-

پێـنج دەقیقــەی تــەواو کراســەکەی دەســتم ڕاوەشــاند، هەمووی بەفیڕۆ چوو، ڕەنج و هیوام بە فیڕۆ چوو..! نە فرۆکە منـی دیـت، نـە بـۆ رزگـارکردن و هەڵگرتنـەوەی مـن هـاتبوو. تێگەیــشتم، زۆرم لێ دوورە! هــەر بەســەر منــدا ڕانــەبورد و زۆریش بەرز بوو، بڕوام دەکرد، ئەگەر بەسەر مندا هاتبایە منی هەر دەدیت، هەر چاوم لێی بڕی و هەر تەماشام کردو هەر لەگەڵیا بووم هەتا وەك جاری یەکەم، بوە خاڵێکی ڕەش، هەتا بوە دەنکە نیسکێ..!

پاش کەمێکی تر، پشتم تێکرد، حەزمکرد، سینگم گەرم دابێت، هەتا سیەکانم ئازاریان بەرنەکەوێت.. کراسە تەڕەکەم، بــە چــاوەکانمدا دا، نــەك بــۆ خــەوتن، ئــەوەی بــیرم لێــی نــەدەکردەوە نوسـتن بـوو.! زۆر تینـووم بـوو، بێـزاری کـردم، قوڕگم وشك بوو، ناچار پەنام بردە بەر ئاوی سوێری دەریا، بۆ خواردنەوە! دەمزانی بـۆ تەندروسـتیم خراپـە، بۆیـە وتم،

هەردوو قومێ دەخۆمەوە، لە ناکاو بە دیتنی فڕۆکەیەکی تر، ئاوخواردنەوەکەم لە بیرچووەوە، تینوێتیم شکا.

هەر بە پەلە، کراسەکەم بۆی ڕاوەشاندو بالآی خۆم بەرزتر ڕادەگرت و بە هێزەوە، قۆڵم دەهەژاند, بەڵام! داخی گرانم، ئەو فڕۆکەیەش ڕۆیشت و منی سەرگەردان تر جێهێشت.! پەشێو و بە دۆشداماوی دانیشتم، ئاوڕێکم لە دەوروبەری خۆم دایەوە، دیسان، فڕۆکەیەکی تر، هات، دەرکەوت، بەڵام ئەمجارە، هیوای زۆری پێبوو، نەوی بوو، جارجار، ڕاست دەفڕی و دوایی خۆی دەهاویشتە سەر تەنیشت، کە وام دیت، دڵم بوە ئاوێنە، بێگەرد، جوان بوو، گومانم نەما، کەوا ئەمەیان، لە من دەگەڕێت، بەتایبەتی بۆ من هاتووە.! بەڵام داخی زۆر گرانم، ئەویش وەك ئەوانی تر ڕۆیشت. کە ڕۆیشت، بیرم لەوە کردەوە، دەبێ وشکانی چەند لە من دووربێ، زۆرم مابێ، ئەوەیانم بۆ روون نەبۆوە.

خەمم زۆر بوو، زۆر دیاردە هەراسانی کردبووم، تیشکی خۆری گەرم! تینوێتی! برسیەتی! نەخەوتن و بێداری مەراق و ڕەشبینی! ئەدی داخبونی پشتم، پشتم یەك پارچە ببوە پۆرگ، پۆرگی گەورەی زۆری لێهاتبوو، خەمی هەرە گەورەش هاتنی ئەو فڕۆکانە بوون، کە بۆ من دەهاتن و منیان نەدەدۆزیەوە و ڕاستە و ڕاست دەگەڕانەوە.

کات سی و پێنج دەقیقەی دەویست بۆ دوازدەی نیوەڕۆ، کە دەنگی فڕۆکەیەکی تر هات، ئەویش زۆر نەوی بوو، تا دەهات، نزیکتر دەبۆوە، نەوی تر دەبۆوە، فڕۆکەوانەکە و پیاوەکەی تەنیشتیم بەجوانی لێ دیار بوو، هەردووکیانم بینی، پیاوەکە، چاویلکەیەکی رەشی لەچاودا بوو، نوسینی بنی فڕۆکەکەم جوان خوێندەوە. دیاربوو، تایبەتە بە پاسەوانی و بەرژەوەندی کەنداو، نەوی بوو, بەرزبۆوە و ڕۆیشت..! بەڵام، نائومێد نەبووم، گومانم نەمابوو، کەوا منیان دیوە و دەگەڕێنەوە. تەواو دەگەڕێنەوە..

## -2-

پاش پێنج دەقیقە، فڕۆکەکە گەڕایەوە، بەهەمان بەرزی بۆم هات، لەسەر باڵی چەپی بوو، ئەمجارە، بە ئاسانی فڕۆکەوانەکەم بینی، بینیم چاوانی دەگێڕا. کراسەکەم، بە پانایی دەریا ڕانەوەشاند، ئەمجارە بۆی هەڵسامەوەو لە دڵەوە سوپاس و ستایشم بۆ نارد، سوپاسم کرد، وتم ئۆخەی خۆ رزگارم بوو، ئافەرین کە منی دۆزیەوەو فریام کەوت. هەردەهات خۆی نەوی دەکرد تا نزیکی ئاوەکە بۆوە، ڕاستە و ڕاست لەسەر هێڵێکی ڕاست ڕۆیشت، وا ڕۆیشت وەك بیەوێت بنیشێت، ئینجا تەنگاوبووم، کەوتمە سەوڵدان بۆ ئەو شوێنەی ئەو لێی دەنیشێتەوە، ڕۆیشتم، نەوی بۆوە و من ڕۆیشتم.. بەڵام! ئەو نەوی دەبۆوەو منیش بۆی دەچوم.! پاش کەمێك، بەرزبۆوەو سوڕایەوەو بەسەر سەرمدا ڕەتبوو، هەر ئەوەندەم لە دەست هات، کەوا کراسەکەمی بە توندی بۆ ڕاوەشێنم، من کراسم بۆ ڕاوەشاند، بەڵام! ئەو هەڵسایەوەو بەرزبۆوەو تێیتەقاندو ڕۆیشت. وا تێگەیشتم، کەوا منی دیوە، گەر منی نەدیبایە، ئەوا سکی بە ئاوەکەوە نەدەناو نەوی نەدەبۆوە، دووجاریش بەسەرمدا ڕەتبوو.. منی دیوە،

بۆیــە شــادمان و دڵخـۆش بـووم، چـاوەڕێ بوومــەوە. یــەك کاتژمێر چاوەڕێم کرد، ڕاستە هێڵی قرتاجەم بۆ دیارکەوت، بەڵام دیاربوو فڕینی ئەو فڕۆکەیە بۆ شاری باناما بوو، بۆیە منیش بۆ پێشەوە ڕۆیشتم، تا بگەمە کەناری تولو ئەوەش یەك کاتژمێر دەخایێنێ.!

لەســەر ئــەو شــەکەتی و هیلاکیــە، ڕۆیــشتم، تــا پێنجــی ئێوارە ڕۆیشتم، هیچم بە هیچ نەکردو نەگەیشتمە کەنار..! خـۆر بـەرەو ئـاوابوون دەچـوو، بـەڵام، مـن بـێ هیـوا نـەبووم! قـورگ وشـك و دڵتـەنگ و بێـزار.. هـەر ئەوەنـدەم زانـی بـە هەژانێك، کەوتمە ناو بەلەمەکە. کە چاوم گێڕاو تاقیبم کرد بینیم ئیشی ماسیەکی گەورەیە "شاك" ئەو خۆی لێدابووم، دیـاربوو بـەدوای نێـچیرێکی وەك مـن دەگـەڕا.. لـە نێـچیرێ دەگەڕا..

## -3-

ئەوە بوە، سی کاتژمێری تەواو، من بە تەنیام، یەك گیانەوەرم بینی، ئەویش شاکێکی زەبەلاح و گەورە بوو، کلکی سەوز، وەك گەڵای دار، لە مێژ بوو، دەمزانی ئەم ماسیانە، نابەدو بەدفەسالْن.! تاریکی، ماسیەکانی تری شاردەوە، ئەگەرنا زۆرم لێ خڕ دەبوونەوە، هەر شڵپ و هۆڕیان دەهات. بۆ ڕۆژانی سێیەم و چوارەم.. ڕۆژانی تر، فێربووم، کەوا ماسی شاك، پاش پێنجی ئێوارە لە نێچیر دەگەڕێت، فێربووم، کە شەو داهات، نامێنێ و دەڕوات..

ئێواران، پێش ڕۆیشتنەوەی ماسیەکان، ڕووی دەریا، وەك مێرگ و چەپکە گوڵ جوان دەبوو، ماسی هێلدار و ماسی سپی و سەوز و سور، ماسی وردو ماسی گەورەتر، هەروەها گۆمی خوێنی ماسی قوربانی لەلایەن ماسی گەورەتر و بە دەستەڵات، هەموویان، رووی دەریایان رەنگین دەکرد.. دیمەنی زۆر پەیدا دەبوون، کە ماسیەك دەخورا، کە هەناوی یەکێك بەرەڵا دەکرا. چەندەها وردە ماسی لە وردەواڵەکان و پاشماوەکان بازنەیان دەبەست و ریز دەبوون..

شەوی دووەمم، بە شەوی برسیەتی و تینویەتی و بێ هێوا، ناودەبەم. بڕواشم بە رزگاربون هەر نەما. هیوا نەما، بێجگە لەوەی خۆم ماندوو بکەم و سەوڵ لێدەم و بڕۆم.. جەرگی درێژو پانی دەریا ببڕم.. دەبێ بڕۆم تا دەگەمە وشکانی. تا نیوەی شەو رۆیشتم، رووم لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەی جوان کردو بۆنی دەریاشم لاخۆشبوو,لەگەڵ ئەستێرەو بۆنی دەریا,ڕۆیشتم سەوڵم لێدا,سەوڵەکان لەناو دەستمدا ڕاوەستانیان نەبوو، خۆ شەوی پێش دەرچوونمان نەخەوتبوم، ئەو دوو شەوەیش، خەو نەچۆتە چاوانم و پشوم نەداوە، سەرەڕای ئەوەش، هەر دەڕۆم و بێ راوەستان دەڕۆم.

دوو کاتژمێر، پاش نیوەی شەو، زۆر هیلاك بووم، سەوڵەکانم داناو سەرم بەسەریان کردو ویستم بخەوم، بەڵام، هاواری (جیم)م لە مێشکا زرنگایەوە، ئەو ئێستا بۆ خۆی رزگاربوەو لە ماڵەوە لە شیرینی خەودایە، یان لەسەر مێزێك رازاوەو بە زەوقەوە دانیشتووە..! کەمێك خەو چوە چاوانم، بەڵام هەر لەگەڵ (جیم)دا بووم. لەو خەوەدا، ئاخاوتنەکەی ئەوم بەبیر دەهاتەوە، هەر لەو خەوەدا، کارەساتەکەم، بەبیردەهاتەوە، چۆن وەرگەڕایین..! بۆیە لەم خەوە، ڕاچڵەکیم، وا راچڵەکیم زۆری نەمابوو بکەومە ناو ئاوەکە، چاك بوو خۆم پێڕاگیرا..

وا بـەبیرم هاتـەوە، وا هاتمـەوە هـۆش، جیمـی هـاوڕێم کاسکێتێکی پڕ بە سەری لەسەر بوو، لە پێشەوەی نوسرابوو A.R.C. CALDAS. خەوم لێ نەکەوتبوو، خەونیشم نەدیبوو، بەڵام هۆشـم لـەلای خـۆم نـەبوو، گـوێم لـە گڤـەی بـاو شـڵپ و هـۆڕی ئـاویش نـەبوو، پرسـیارێك کـرا، تینوتـە، حـەز بـە خواردنەوەی جامێ ئاو دەکەیت. بـرس‌یـتە، پـی‌ویس‌تت بە خواردن هەیە..؟ گوێم لێبوو، وایان پرسیار کرد و منیش وەڵامم دایەوە، نەخێر پێویست ناکات، زۆرمان نەماوە بگەینە کـەنار و هـەر چـاوم بەقرتاجـە بکـەوێت، تێـر دەبم، تینـوێتیم دەشکێ. کە بە خۆ هاتمەوە، کە هۆشیار بومەوە، زانیم نە مـن لەگەڵ جیمیم و نە جیمیش نزیکمە. دیارە گـەوج و شێواوم، تەنیام و کەسم لە نزیك نییە، بێجگە لـە تیشکی خـۆر، هیـچی ترم لا دیار نییەو ئەوەش دەزانم رۆژەکە سێ شەممەیە.

## بەشی شەشەم
## -1-

ڕۆژانی مانەوەم، بە کارەسات و نیشان و بەسەرهاتی دیار، ناودەبرد، ڕۆژی یەکەم، بە ڕۆژی کارەساتەکە. ڕۆژی دووەم بە ڕۆژی فڕۆکەکان، ڕۆژی سێیەم بە ڕۆژی نائومێدی و ڕەشبینی و بێ کارەسات، ناونابوو! بەلەمەکەم، بە هەوەسی با دەڕۆیشت، با دەیهاژۆت، خۆم هێزو شەنگم لەبەر نەمابوو، لە هەمووی ناخۆشتر، هێڵی فڕۆکەکانم لێ بزر ببوو، لەبەر ئەو تەم و تاریکیەی ئەو بەیانییە، ئاسۆم لێ لێل ببوو، نەمدەزانی، بەلەمەکەم، بۆ پێش دەڕوات، یان بۆ دواوە، دەڕوات. مالی دەریام کاولکرد، هەموو خاڵ و شوێنێکی بەیەك دەچێت، هەرچەندێ بڕۆیت و بگەڕێیتەوە و بجولێیتەوە، وا دەزانی یەك بست نەگەڕاویت، وا دەزانی لە شوێنی خۆتدا دەخولێیتەوە.

هەروەها، ڕۆژی سێیەم، بە سوڕانی بەلەمەکەم و نەزانینی ڕووانگەی ڕۆیشتنم ناونا، لە نیوەڕۆدا، بڕیارم دا، تەوافەکەم

بكەم بە ڕێنیشاندەرم. بەهۆی ئەوەوە، بزانم دەکشێمەوە، یان دەچمە پێش، سەوڵەکانم لەو بەست. کلیلی گیرفانی پانتۆڵەکەمم دەرهێنا، تا ڕۆژانی مانەوەمی لەسەر بەلەمەکەم پێ هەڵکەنم، ڕۆخی بەلەمەکەم بکەمە، ڕۆژژمێر. بۆ ڕۆژی(28)هێڵێك ڕاکێشم، هێڵێکیش بۆ ڕۆژی (29) لێرە پەکم کەوت، رەق ڕاوەستام، ئەم مانگە،(29)ڕۆژە، یان (30)ڕۆژە، مانگی شوبات چەند ڕۆژە، ئەم مانگە چەندە..!؟ ئەمەیان مێشکی ئاڵۆز کردم، بیرم کردەوە.! ئەم بەروارەش وەك هاتنی سبەینێ، کە چۆن هێڵی ڕۆیشتنم لێ ببوە گرێ، ئەوەش وای لێهات.! ویستم مشوەش نەبم.! دوایی بیرم کردەوە، ئەمەیان، کەی گرنگە! کەی کێشەی منە، دوایی من ئەوەیانم بۆ چیە! من تەنیا ئەوەم بەسە چەند ڕۆژ دەمێنمەوە. ژماردن!! ژماردنی چی..!؟ کێ دەڵێ من جارێکی تر، دەگەمەوە ئاوەدانی، منی سەرگەردان و لێقەوماو، کێ دەڵێ ئیشم بەوە هەیە، خۆ من ناگەمەوە، ناو خزم و کەس و ئاوەدانی، تا بۆیان بگێڕمەوە.. تا ئەو کاتەش، نە نانم خواردووەو نە ئاو.! تیشکی گەرمی خۆریش پێستی پشتمی کردبوە کۆمەڵێك پۆرگی بەژان و ئازارم دەدەن، هەموو کێشەکان بەلایەك، ژانی ئەو پۆرگ و پنگانە بەلایەك.

**دیسان ئامۆژگاری مامۆستاکانم بەبیر هاتەوە، سنگتان مەدەنە بەر تیشکی گەرمی خۆر. ئەوەش سەغڵەتی کردم و ترسام. کراسەکەم لەبەرکردەوەو لە کەمەرم بەست، کە کراسەکەم بەر پۆرگەکانی پشتم دەکەوت، دەزورانەوە، ژانیان زۆرتر دەبوو، بۆیە پشتم رووت کرد. بوو بە چوار رۆژ، لەیەك قومە ئاوی سوێری دەریا، ئەویش تینویەتی نەشکاندبووم، بەڵکو کەمێ تامەزرۆی کەم کردبومەوە، هیچی ترم بە قورگا شۆڕ نەببۆوە. بۆیە شەیدای ئاوی خواردنەوەم لا دروستبوو.**

**داخی گرانم. دیسان کاتژمێر بوە، پێنجی ئێوارە! دیسان بۆ ماسی شاك، زۆر سەیرە، عەقڵم وەختە بتەقێ! بڵێ, تۆی ماسی و لەناو قوڵایی دەریا، چۆن دەزانی کاتژمێر پێنجی ئێوارەیەو دێیتە دەرێ..!**

**حەزم لێدەکات، هەر کاتژمێر ببێتە، پێنجی ئێوارە لێم پەیدا دەبێ، ژوانی ئێوارانی لەگەڵ منا هەیە..! دیارە، رۆژێ دوا ناکەوێت..!**

**مامۆستاکانمان، لە دەرسا دەیانووت، ماسی شاك کەم بینایەو هەست بە هیچ رەنگێ ناکات. تەنیا ڕەنگی سپی دەبینێ. تەنیا بۆ ئەم ڕەنگە مل دەنێ‌و دێت.. لە بەدبەختی مندا، بەلەمەکەم سپی بوو، سپی و بریقەداریش بوو باش بوو، سەعاتەکەی دەستم سپی نەبوو، ئەگەرنا لەترسی گیانی**

خۆم فڕێم دەدایە ناو ئاوەکە و رزگارم دەبوو، ئەو سەعاتەشم نەدەویست.. کە ماسی شاك پەیدا دەبوو، پڕی دەدایە، ماسی بچوك و زامداری دەکردو دەریای دەکردە گۆمی خوێن، چواردەورم، دەبوە خوێن، منیش، لەم دیمەنە دەترسام! دەشڵەژام، کە سەعات دەبوە، پێنجی ئێوارە، سەوڵەکەم بۆ خۆپاراستن ئامادە دەکرد. ئەم شەویش، سەوڵەکەم هاویشتبوە بن سەرم، بۆ نوستن بەڵام! هاوڕێم، ئەزیزم "جیم مانجریس" وازی نەهێنا. هاتە پێش چاوانم، لە بەرامبەرم بوو، لەسەر رۆخی بەلەمەکەم دانیشت، هاتە تەنیشتم. بە کلۆفەوە، قسەی لەگەڵ کردم، کەوتینە دەمەتەقێ، باسی زۆر بابەت و بیرەوەریمان کرد. ئێستا، چوون رابورد، نازانم، خەون بوو یان راستی. هەندێ جاریش، بە هەمان شێوە، بە رۆژیش دەهاتەوە پێشم، قسەمان لەگەڵ یەك دەکرد, بەڵام، رۆژی پێنجەم، ئەویش هاتە تەنیشتم و ویستی بخەوێت و سەری بە سەوڵەکەی ترەوەنا، کەمێ بێدەنگ بوو، لەناکاو سەری بەرزکردەوەو بە هەشتاوی وتی: تەماشەکە.. دەی دەی تەماشاکە..!

کە ئاوڕم دایەوە، لە دووری سێ کیلۆمەتر پاپۆڕێ دیاربوو، چراکانی گەش و رووناك و بە جوانی دیاربوون.

"ئـای چارەنووسـی ڕەش، بۆچـی! ئـەو ماوەیـە خـۆم بـە خەوتن خەریك كرد، ئەگەر بە ئاگا بوومایـە، دەڕۆیـشتم، هـەر دەڕۆیـشتم، ئێـستا دەیگەیـشتمێ.." هەڵـسامەوە، چوسـت ڕۆیـشتم، مـن بـەرەو ڕووی دەچـوم، ئـەو خێراتـر دووردەكەوتەوە، تا زۆر دووركەوتەوە، دووركەوتەوەو شـەوق و چـراكانی نـەمان. چـەندی كۆشـشم كـرد، ڕووی بەلەمەكـەم وەرگێڕم، بۆم نەكرا، بایەكە زۆر بە تەوژم و بەهێز بوو، منیش هێزم زۆر بەكارهێنا تا بگەمە پاپۆڕەكە. خۆم هیلاك و ماندوو كـرد، زۆر مانـدوو بـووم، هـەموو گیـانم ئـاو و ئارەقـە، پـەكم كەوت، لە پەلوپۆ كەوتم. دەستم بەربوو، هیچم لەدەست نەما، دامە پرمەی گریان، خۆزگەی مردنم خواست. كـە خۆرهـەڵات، بەیانیەكـەی، تیـشكی جـوانی خـۆر، هیـوای پـێ بەخـشیم، نیگەرانی و ڕەشبینیەكەم نەما، ئازایەتیم دایە بەرخۆم و خۆم بە جەرگ كرد!

## -2-

ڕۆژی پێنجەم، بە ڕاستی ویستم، ڕووی بەلەمەکە لە دەستی باو شەپۆل دەرهێنم، ویستم، ڕووی بەلەمەکە وەرگێڕم و بکەوێتە بن دەستی خۆم و بەهێزی خۆم و تەوژمی سەوڵەکانم بڕوات، نەك بە هێزی باو شەپۆلی دەریا. گەر خۆم ئازاو چوست نەکەم، ئەگەر وانەکەم، ئەوا باو شەپۆل بەرەو دوورگەی گیانەوەرو پیاوخۆرانم دەبەن، لەوان چی دەوەشێتەوە، وەك پاڵەوانی ڕۆمانی دەریاوانێکی جێماوم لێدێت، کەمینێك پاپۆڕەکەیان دەتەقێنێ، کە تاق و تەنیا دەمێنێتەوەو هەر ئەو ڕزگاری دەبێت، چارەنووسی شومی، بەدبەختی ئەو، بەرەو پیاوخۆران دەڕوات و دەکەوێتە باوەشی ئەوان و ئەوانیش دەیکەنە ناو مەنجەڵی چێشت و جوان جوان دەیکوڵێنن، بەشی چەند ژەمێکیان دەکات..

ماڵ لە خۆی نەبوو، میوانیش هات، منی ترسنۆك و ڕەشبین ئەو ترسەشم لێ پەیدابوو، هەر دەهات ترس‌و نیگەرانیم زۆرتر دەبوو.

هێشتا وام لێنەهاتووە، برسیەتی و تینوێتی گێژو بێدەستەڵاتم بکات، هێشتا وام لێنەهاتووە، ماڵەوەو خێزانەکەم

لەبیر نەبێ، ئەگەر وام زانی، لە پەلوپۆ دەکەوم، ئەگەر زانیم هۆشم لـــەلای خـــۆم نـــەماوە، ئـــەوە دەبـــێ، ئـــەوەم لـــەبیر بـــێ، کـــە مامۆستاکانمان دەیانووت:

"ئەگەر مرۆڤێك لە دەریاو لەسەر پشتی بەلەمێك تەنیاو بێ چارە مایــەوە، گــەر گەیــشتە رۆخــی مــردن و هیــوای ژیــان و رزگاربونی نەما، ئەگەر بایی ئەوەندە مابوو دەستی کاربکات و کەمێ هۆشی لەبەرماوە، ئەوا باشترین رێگا بۆ گوم نەبوونی تەرم و هەواڵ و ناسنامەی، وا باشە خۆی لە بەلەمەکە ببەستێتەوە، هەتا تاقەتی ماوە خۆی ببەستێتەوە، زۆرجار سەربازانی جەنگ لە شەڕەکاندا وایان کردبوو، بۆیە تەرمەکانیان دۆزرایەوە، یان بـەنیوەمردوویی و بـە زۆر نەخۆشـی و هیلاکـی هەڵگیرانـەوە و رزگاریـــان بـــوو. بـــا منـــیش وا بکـــەم، هـــەتا داڵ و باڵنـــدە گۆشتخۆرەکان جەستەی بۆگەن و پەککەوتویان نەخواردووم، باوا بکەم، ئەگەر بێنە سەریشم، بەشێکم دەمێنێ.."

لـــە حەژمـــەتی برســـیەتی و شـــەیدایی زۆرم بـــۆ ئـــاو و فێنککردنەوەی هەناوم، هەموو خەیاڵ و وردە وڕێنەم هەڵدەفڕین و لە مێشکمدا دەتوانەوە و تەونەکانم لەبیردەچونەوە. بۆیە، هیچم لە خەیاڵدا نەماو هەڵسام کەمێ پیسایيم کرد و ماسییەکانی دەوروپشتی خۆم بەجوڵانەوەی بەلەمەکەم دوورخستەوە..

## -3-

ماسی جوان و ناسک، دەهاتنە تەنیشتم، بیری راوە ماسیم بۆ هات. بە پەلاماری راستی سەوڵەکەم چەند ماسییەکم پێکا، بەڵام نزیکبوونی ماسی شاکەکە ڕەنجەکەی بە فیڕۆ دام، هەمووی بۆ خۆی گلدایەوە، ناچار سەوڵەکەم فڕێدایە لایەک و پاڵم دایەوە. زۆری نەخایاند ڕەوە نەورەسێکم لێ بەدیارکەوت، حەوت نەورەس بوون، کامەران بووم، دڵشاد بووم، هەر هیچ نەبێ ماوەیەک دەبنە هاوڕێم و پێیان دەخافڵێم و دەبنە سەبووری ڕێگای دووری و تەنیاییم.

هاتنی نەورەس و پەیدابوونی، نیشانەی نزیکبوون و گەیشتنە بە وشکانی و زەوی، ئەمە وایکرد، هیوام بە ژیان نوێ ببێتەوەو هەڵسامەوە سەرپێ, بەڵام! نەمتوانی خۆم ڕاگرم. تاقەت و شەنگم لەبەر نەبوو، ناچار پاڵم دایەوە، کراسەکەم بە سینگم دادایەوە، نەوەك تیشکی گەرمی خۆر ئەزیەتم بدات، چاوەکانم لە نەورەسەکان گیرکرد. هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە و بەرزدەبونەوەو گۆشەی تیژیان دروستدەکرد و ئاسمانیان دەنەخشاند. دیسان ماسی شاك دەرکەوت،

زانیم کاتژمێر خۆی لە پێنجی ئێوارە داوە، دەبێ بکشێمەوە و خـۆم لـەناو بەلەمەکـەم مـات بکـەم,نەوڕەسێکی گـچکە لـە تەنیشتم نیشت,منی برسیو سك بەتاڵ دڵت چی دەوێت..؟! فەرموو، ئەوە خواردن و باڵندەیەکی بەتام و ناسك، بە باڵی خۆی هات، خواردن هاتە نزیکم، بەڵام، دەستی بێهێز و بێ چەك و بێ تیرم بشکێ! لە جێگای خۆمدا چەقیم! وەك ماستی مـەییوم لـە خـۆم کـرد، ئـەویش دەفـڕی و دەنیـشتەوە، چاوەکانیشم نەدەجولاند، گەر بکرابایە، نەفەسیشم ڕادەگرت. هاتە سەر پێیەکانم، نیشتەوە. کەمێ سەرکەوت تا گەیشتە پانتۆڵەکەم، بەرد جولابایە، من نەدەجولام، هەر هاتە پێش، تا گەیشتە گۆزینگم، دەنووکی لە  شوێنە بەزامەکەی گۆزینگم دا، هەر خەریك بوو، ئازاری دام، برینەکەی هێنایە ژان، بەڵام! مـن خـۆم ڕاگـرت، هـێمن. وازم لێهێنـا، وتم، چـی دەکـات بـا بیکات.. مسۆگەر بووم، دێتە ناو لەپی دەستم، بۆیە توخنی نەکەوتم، نەجولام، هێمن بووم.

## بەشی حەوتەم
## -1-

نەورەسە بچوك و ریش خاکییەکە، بە مردووی دەزانیم، هەر دەنووکی لێدەدام، کەمێ دەستم بەرزکردەوە، ویستی بفڕێت، ویستی لەناو دەستم رابکات، بەلأم گرتم و کەوتە ناودەستم، خوێنی گەرم و دڵی گەرم و لێدانی دڵی جوان هەستم پێکرد. ئەوەندەم برسی بووم، ئەوەندە گەدەم بەتاڵ بوو، ئەوەندە شەیدای خواردنێ بووم,وتم هەر بیگرم، بە ساغی قووتی دەدەم، بە ریش و ریخۆڵەکانیەوە دەیخۆم..

کە نێچیرەکە، کەوتە ناو دەستم، پەشیمان بومەوە، چونکە ئەگەر وا بکەم، وای بخۆم، زۆرتر تینوم دەبێت و شەیدای قومێ ئاودەبم، با نەیخۆم...!

رۆژێکیان، تاپڕێکم بەدەستەوە بوو، سێرەم لە نەوڕەسێکی هاوڕێمان گرت ویستم بیکوژم، بەلأم، هاوڕێکەی تەنیشتم، دیار بوو، کابرایەکی هێمن و ژیر بوو، هاتە قسەو دەستی لەسەر لوولەی تاپڕەکەم داناو یەخەی گرتم و وتی:

"خەڵك چۆن ئەوەندە بێ سفەت دەبێ، هەی بێوەفا مرۆڤ چۆن هاوڕێی ڕێگای خۆی دەکوژێت، نەورەس، هاوڕێی ئێمەو هەموو دەریاوانێکە، لە قوڵایی دەریاو لە سەفەری دوور هاوشان و هاوڕێمانە.. هەر ئەوە لە گەڵمانە, هەرکەسێ نەورەسێ بکوژێت، پێ لە زاد دەنێ.."، بەڵام ئیمڕۆ، ئێستا و لەم حاڵەتەمدا، هەزار کەسیش لێم بپاڕێتەوە، هەر چەند بێ ئەمەکییە، من بم، هەر دەیخۆم و برسیەتی ڕێگایەکی لەهارییە، ملیم لوولدا. بۆ خنکاندنی سوڕاندم، ئێسقانەکانی وەك ئێسقانی مریشك نەرم بوون، بە ئاسانی شکان و گوێم لە خرپەی شکاندنیان بوو، ناو لەپی دەستم مشتێ خوێن بوو.. کە خوێنەکەی لەناو پەنجەکانمدا هاتنە خوارێ، ئینجا سکم پێی سوتاو بەزەییم بۆی بۆوە، کەمێ پەشیمان بومەوە.

سەری نەورەسەکەم لە لەشی کردەوە، گیانی لەناو دەستمدا هەر لێیدەدا. بۆنی خوێنەکەی دەریای پڕکرد. بۆنەکە بڵاوبۆوە و ماسیەکی زۆرم لێ کۆبۆوە، ئەگەر شاکی گەورە ماسی بیەوێت نێچیرەکەم ببات و حەزی لێبکات، دەتوانێ و بەلەمەکەشم سەروبن دەکات و نەك نێچیرەکەم، منیش دەبات. لە کۆبونەوەی ماسیەکان ترسام، سەری نەورەسەکەم بۆ فڕێ دان، دوورم فڕێدا، هەموویان بەتاو، خشیین، بەرەو گۆشتەکە روویان وەرگێڕا.

بۆ ئامادەکردنی ژەمەکەم، دەبێ پەڕەکانی هەڵکێشم، بەڵام نەورەسەکە زۆر ناسك بوو، گۆشتەکەی لەگەڵ دەهات و لەگەڵ هەڵکێشانەکەدا، شیلەیەکی رەش و چەوری لێدەهات، مەزاج و زەوقی تێکدام، بێزم بۆوە، هەرچۆنێك بوو، سکیم هەڵدڕی و ریخۆڵەو هەناویم دەرهێنا، رانێکم بۆ زارم برد، بۆم قوت نەدرا و خێرا تفم کردەوە و فڕێم دایە ئەو گۆڕە. پاکم شوشتەوە، ئێستا، ژەمێکی گۆشتی ناسك و پاك و تەمیزم لە پێشە، جا منی برسی، پێنج رۆژە بە عەزرەتم، وێڵی پاروویەکی خواردنم، سەیرە! بۆم نەدەخورا، دڵم نەیدەبرد.. خۆ لە راستیدا ئاسان نەبوو، من چۆن بتوانم، گۆشتێ بخۆم، بە پەڕو باڵ وخوێنەوە، شتێ بخۆم، نەکوڵابێ، نەبرژابێ, سوور نەکرابێتەوە، هەرچەندە برسی و هەراسان و تەنگاویش بم، زەحمەتە.. ناخورێت و قوت نادرێت..

گەر پارچەیەك تەل و قولابێکم لەلابایە، ماسیم دەگرت، وا ئێستا گۆشتم هەیە بۆ نوکی قولاپەکە، هەر ماسیم دەگرت.. بەڵام منی وێڵ و بەدبەخت، بێجگە لە سێ بلیتی بەرید و کلیلێك و ئەنگوستیلەیەك و کاتژمێرێك، چی ترم، لەلا نییە، هیچی ترم لا پەیدا نابێ. دەبێ، بکرێت، لە ئێسقانی نەورەسەکە، قولابێ دروست بکەم. ئەوەشم بە پەسەند نەزانی، ناکرێ دیسان، شەو داهات و ماسی زۆرم لێ کۆبونەوە، بۆنی خوێنیان کردبوو، هەر

خڕ بونەوە، هەرهاتن. منیش، پاشماوەی نەورەسەکەم فڕێدایە ناودەریا، دووبارە، ڕەشبین و بێهیوا، پاڵمدایەوە. حەزم بە مردنی خۆم دەکرد. لەو کەشە هێمنەدا، گوێم لە جوڵانەوەی گیانەوەران بوو، هەستم بە هەڕەشەیان دەکرد، بۆ خواردن و دەستکەوتی پاشماوەکەی نەورەسەکەم شەڕیان بوو، کۆششیان بوو..

وام لێهات، دەمخواست، ئەگەر تاقەت و هێزم لەبەربایە کندرێ، یان گوریسێکم هەبوایە، خۆم لە بەلەمەکەم دەبەست، تازە، مردنم بۆ خۆم دانا، چارەم نییە، بێجگە لە مردن، ئەژنۆ شل و شەکەت و داوەشاو بووم، وام لێهاتبوو، هێزی پوشکەیەکم نەمابوو، تەواو ببووم، بەڵام سەروقاچم لەناو ئاوەکە نەبوو. بایەکی خۆش هەڵیکرد و بەلەمەکەم جوڵایەوە.. نیوەی شەو مانگ هەڵات، یەکەم شەوە مانگەشەوە، شەوێکی جوان بوو، ئاسمان و دەریام، بە بەرگێکی تازە بینی، جوان بوون، لەگەڵ ئەو جوانیەدا، دوبارە "جیم مانجریس"م بەبیرهاتەوە، ماڵم کاول، بەدبەختی وەك من، چارەڕەش، هەموو خەڵکی لەناو ماڵ و مناڵەکانی خۆیانن، تەنیا من نەبێ، بەختی من وایە. هەموو شادو زیندوو و بەکەیفن، منیش دەڵێی هەزار ساڵە مردووم، دەڵێی لەناو گۆڕا قیت بومەتەوە. لەگەڵ مانگەشەوی جوان و دەریای شەیدای جوانەوە، رووناکی پاپۆڕێ نەهات، چرایەك هەڵنەگیرسا؟

## -2-

ڕۆژی شەشــەم، ڕووداوی ئــەوتۆم بەســەر نــەهات، یــان شتێکی تازەم نەهاتە پێش، کە شیاوی باس و عەنتیکەو نامۆ بێ، ڕۆژەکــەمی پــێ نــاو بنــێم، بــەس ئــەو ڕۆژە، زۆرتــر بــیری ماڵــەوەم دەکــردو غــەریبیم هەڵــسابوو. دەمزانــی، ئێستا ئــەوان ڕەشپۆشــن و خــەمگینن و پرسەکەشــم تــەواو بــوە، چــونکە گومانیان نەمابوو کەوا مـن لـە ژیانـدا نـەماوم. کـە فڕۆکـەکان بۆ دۆزینــەوەم هــاتن و چــاویان گێــڕا و ســووڕانەوە و کــە منیــان نەدۆزیەوە، بڕیاری مردن و نەگەڕانەوەم درابوو.

کات گەیشتەوە، کاتی دەرکەوتنی ماسی شاکەکە. چەندی بڵێیت، بێ مەزاج و سیما تەلخ و بێزار بووم، بەڵام، بەیەکجاری دەسـتم لـە خـۆم بەرنـەدابوو، هێـشتا هیـوام بـە ژیـان مـابوو، ویـستم خـۆم ببەسـتمەوە، بـە تـەنافی بەلەمەکـەم، خـۆم تونـد ببەستمەوەو تەواو، وام نەکرد، ئەوەش لەبەر ئەوەی لەم ئیشە دەترسام، بەچاوی خۆم جارێکیان بینیبووم، تـەیرو گیانـەوەر چییان بـە جەسـتەی دەریـاوانێکی مـردووی بەسـتراوی بەلـەم

کردبوو، جەستەکەیان هەنجن هەنجن و شێواو کردبوو، هەر ئەوم بەبیر دەهاتەوە، پەشیمان دەبومەوە.

ماسی شاکەکە و حەوت نەورەسەکەم لێ دیاربوو کە شەماڵێکی فێنك و دڵفڕێن هەڵیکرد، بەم شەماڵە فێنکە، کەمێ خۆشی و هیوا چوە ناو دڵی تارم، زەوقی خواردنیشم بۆوە، دەبێ، شتێ بخۆم. نەوەك گەدەو ریخۆڵەکانم بۆگەن بن. دەبێ دەموپل و کاگێرەکان کاربکەن؟ سەیرە، لەو دەمەدا، حەزم چوە بنێشت، خۆ ئەگەر چەقۆیەك، قەڵەمبڕێك، شتێکی تیژم لەلابایە، پارچەیەکم لە پێڵاوە لاستیقەکەم لێ دەکردەوە، ئاسان بوو، بنێشتم چنگ دەکەوت و بۆ خۆم دەمجویی، گیرفانی پانتۆڵەکەم پشکنیوە و بلیتەکانی بەریدم کەوتنە دەست، خۆشم دەویستن، وەکو چاوەکانی خۆم، لام ئازیز بوون.

ماری چاوشین و نازدارم لەگەڵ بوو، کە پیاوێکی هاوڕێم، ئەم سێ بلیتەی دامێ، یادی ماری ناسکی پێوەیە بەڵام برسیەتی و قۆڕەقۆڕی سکم، دیاری و پێشکەشکردنی لەبیربردمەوە، هەرسێ بلیتەکانم خستە ناو دەمم و بلیتەکانم جویی، وەك بنێشت، بەراستی تام و زەوقی بنێشتیان دەدامێ، پاش گاڤێك, تامیان گۆڕا و منیش قوتم دان، ئاودیوم کردن، ئەوەش خۆشی و تاقەتی دامێ و کەمێ برسیەتیم نەما..

## -3-

پاش خواردنی بلیتەکانی بەریدەکە، بۆم دەرکەوت، کەوا، شت زۆرن بخورێن و زۆرن سودیان دەبێ و برسیەتیم کەمتر دەکاتەوە، چاوم شۆڕکردەوەو تەماشای پێڵاوە لاستیقەکەی پێم کرد. بریا قەڵەمبڕێکم پێبایە، ئێستا، بێ یەك و دوو، پارچەیەکم لێدەکردەوە، ژەمێکی چاك دەبوو. کلیلەکەم دەرهێناو خەریکی پێڵاوەکەم بووم، خۆم لەگەڵ ماندوو کرد، خامەکەم لە لاستیقەکە جوان جیاکردەوە, بەڵام ئەفسوس، ئەوەیان سەری نەگرت، پەنام بردە بەر قایشی پشتم، ئەویش، ئەوەندە قایم و بەهێز بوو، هیچم، نەهاتە دەست. خۆم وەك گیانەوەر و دڕندەیەك، دەهاتە پێشچاو. وای لێهات منی ناسك و نازدار، قایل بم، شتی  وا بخۆم، لاستیقی پێڵاو، قایشی پشتم..!!

پاش خواردنی بلیتەکانم، دیاربوو، تێربووم، بۆیە خەوێکی خۆشم لێکەوت، خەڵك، لەسەر تێری خەوی دێو خەویشی خۆش دەبێ، گەرچی، شەپۆلەکان، وازیان نەدەهێناو منیان دەهەژاند و لە شیرینی خەودا ئاگاداریان

دەكردمەوە, بەلاّم! چونكە تێر بووم خەوەكەم خۆش بوو، زوو زوو خەوم لێدەكەوتەوە.

تیشكی خۆری گەرمی، رۆژی حەوتەمیش هەلاّت، كوو– دەمزانی خوا بە حەقە، وام دەزانی، ئەو رۆژەش، لێرە دەمێنمەوە و هیوام نایەتە دی، دلّم زۆر بە نەورەسەكان خۆش بوو، كە بە لەنجەولار دەهاتن، خەنی دەبووم. بەلاّم! ئەوەشم زانیبوو جارجار، نەورەسیش پەراگەندە دەبێ و لە قولاّیی دەریا گوم دەبێ و ناگەنەوە وشكانی.. بۆیە خەمی ئەوەشم لا دروستبوو، خۆم، خەمم كەم بوو..!!

## بەشی هەشتەم

## -1-

ئـەو حـەوت ڕۆژە، مـن پـانی و درێـژی دەریـا، تـەی دەکـەم. بێهیـوا دەسـوڕێمەوە. درۆ نـەبێ، چـەند مـەراقی نزیکبونـەوەی وشکانی بـووم، ئەوەنـدە، دووردەکەوتمـەوە، دەریـا لـەجیاتی لـە زەوی نـزیکم بکاتـەوە، دەمزانـی، هـەر دووری دەخـستمەوە، لـە مـردن نزیکـی دەخـستمەوە، بـەرەو پـیری مـەرگی دەبـردم، بەقـەد نوکە دەرزیـەك ئومێدم نـەمابوو، بۆیـە مـردنم دەخواست، مرۆڤـی بێهیوا، هەر بۆ مردن باشەو بۆ مردن و نەمان سەری دێشێ,بـەڵام ڕاسـت بڵـێم,کـە بـای فێنـك دەهـات و ماسـی شـاکم لێگـوم دەبـوو,وەك ئـەو ڕۆژانـەی دوایـی، کـەم دەردەکـەوت و جۆرەهـا ماسـیم لەسـەر ئاوەکـە دەبینـی، دڵـشادو سـەرفراز دەبـووم، وام هەسـت دەکـرد، بـرادەری دڵـسۆزو هـی سـەردەمی منـاڵیم لەلایـە، تـرس لـە گیانمـا نـەدەما. ئەوەشـم چـاك دەزانـی نەورەسـەکان، نیـشانەی نزیکبوونـەوەم نـین و لـە زەوی دوورم و هیواشـم بـە پاپۆڕی ڕزگارکەر ولاییدەش هەر نەمابوو.

لەگەڵ ئازارو چەرمەسەری راهاتبوم، بۆیە بڕیارمدا، گەر خۆگرو قایمتر بم، زیاتر دەمێنمەوەو نافەوتێم. ماسیەکان، هەر بە جوانی و بە لەنجەوە لە نزیکم مەلەیان دەکرد، بە شادییەوە سەمایان بۆ دەکردم و ترسی ماسی شاکیشم نەمابوو، لێی راهاتم! کە ئەم تەمەم لێ ڕەوییەوە، هۆگرو ژیرتر بووم. دەستم بۆ ئاو درێژ کرد، تا ماسیەکی زراڤی چوارگۆشەی درێژی بیست سانتیمەتری دەرهێنم, بەڵام! وەك ئەوەی بەردێك بهاویتە ئاوێ، دەنگ و شەپۆل و سەداکە لەناو ئاوە مەندو هێمنەکە، هەموو ماسیە جوانەکانی ڕەواندەوە، هەموویان گوم بوون، کە ئاوەکە هێمن بۆوەو ئاسۆی ئاوەکە دۆخی جارانی گرتەوە.. ماسیەکان،زراڤەکان، هاتنەوە، سەرکەوتنەوە.. هزری پلانێکم بۆهات، تا ماسیەك ڕاو بکەم، تا نێچیرێکم دەستکەوێت، وتم، وا باشە، تەنیا یەکێکیان، دەستنیشان بکەم و لەناکاو پڕی دەمێ، هەر خەریکی بم، تا هەلم بۆ دەڕەخسێت..! وامکرد، چەندجار، ماسی ناسك و نەرم لە دەستم گیر دەبوون، بەڵام! لەبەر نەرم و شلییان دەخزین و رزگاریان دەبوو! ئەوانیش ئازاری دەستمیان دەدا، جار ناجارێ، گازی گچکەی وەك قرتاندنی زادێ بە هێمنی گازیان لە پەنجەکانم دەگرت. کە وازم نەهێنا، ئەوانیش، گازی توندیان گرت، وردە وردە زامداریشیان کردم

و خوێنیـشم ڕژا. دەم نادەمــێ، شـاکم بـەبیر دەهاتــەوە، لــەو کاتانەی مـن خـەریکی گرتنـی ماسـی بووم، ئـەو جارناجارێ، خۆی بەرز دەکردەوە، وا هەست دەکەم بەتـەما بـوە مـن زۆرتـر قـۆڵم شـۆڕکەمەوە، تـاکو دەسـتم بېڕێتـەوەو ژەمێکـی چـاکی دەست کەوێت.

## -2-

بەدەستی خۆم ئاگرم لە ماڵی خۆم بەردا، کە خوێنم ڕژاند، شاکی بەدکارو کافر بۆنیان کرد، هاربون، هێرشیان هێنا، هەر ماسی وردو گەورە بوون، قوت دەدران، من هیچم لە دەست نەما، هەر ئەوەندە نەبێ تەماشایان بکەم. لە ناکاودا، شاکێك، بە هەموو هێزییەوە بەرزبۆوەو شەپۆلێکی گەورەی دروستکردو دونیای لێکردمە ئاو و زۆری نەمابوو وەرمگێرێت. واش تێگەیشتم، خۆی هاویشتبێتە ناو بەلەمەکەم، وامزانی بە نیازی لرفکردنی منەو خواردمی.! بەڵام، لەلای دووەمی خۆمەوە دەرکەوت، ئەگەرچی ئەم دیمەنە سەیرو عەنتیکەیە زۆری ترساندم و دڵی خستمە لەرزین، بەڵام سودیشی هەبوو، لەتاو ڕۆحی خۆی، لەبەر تەوژمی شەپۆلەکە، ماسیەکی نیو مەتری کەوتە ناو بەلەمەکەم. بینیم لە تەنیشتم هەڵدەپەڕێت، دەیویست بگاتەوە ناو ئاوەکە، بۆ ئاو هەڵپەی بوو. منیش، ئازایانە، غیرەتم پەیداکردو شەنگمدایە بەرخۆم و بڕیارمدا، بواری نەدەم، نابێ دەرباز بێ، هەتا هێزم لەبەردا بوو سەوڵێکم لێدا،

لێمداو هیوام زۆر بوو ژەمێکی چەورم دەست کەوێت، لە گۆشەیەکی بەلەمەکەدا خۆم گیرکردو سەوڵی دووەمم لە ماسیەکەدا و هەستمکرد کارم لە گۆشت و ئێسقانی کردووە، هەند بەهێز، لێم دابوو، هەند بەهێز سەوڵەکەم راوەشاندبوو، بەلەمەکەم هەژا، شاکەکەش لە ژێرمەوە جولایەوە، بەلام لە وەرگەڕان نەدەترسام، خۆم توند گرتبوو.! نێچیرەکەم هێشتا زیندوو بەکار بوو، دەیویست باز بدات و قوتاری بێت، ترسام، کەوا نەتوانم بەسەریدا زاڵبم، بۆیە دەبوایە سەوڵێکی تری لێبدەم. دەبوایە بەدەست، بەددان بە هەموو هێزێکەوە زەبرێکی توندی لێ بوەشێنم و لە پەلوپۆی بخەم. لە پەنایەکم پەستاو چۆکم لە گەڵی کردە رکەو دەبوایە سەوڵێکی کوشندەی لێبدەم , کە لێمدا، تەوافەکەم مشت خوێن بوو، لەبەرخۆمەوە وتم:

"گەر وازی لێدەهێنم، لە برسانا دەمرم، نێچیرێکی قەڵەو و چەورە، خۆ دەیکوژم، خوێن دەرژێت و دەریا خوێناوی دەبێت و بۆنی خوێن دەڕوات و شاکی ددان پۆلاو ددان مشارم، لێ پەیدادەبێت، ئەوەش ترسێکی گەورەیە، وەك جارانی رابردوو، دەڵێم هەر ئێستا، نا ئێستا، دەمخوات و وەرمدەگێرێت، دەمکاتە پاروێك.."

برسیەتی و تینویّتی، بە جوتە بوونەتە هاوڕێم، کە ماسیەکەم بە قاچم لەناو بەلەمەکە عاسی کرد، ئەزیەتی بەرکەوت، ئەدی شلپ و هۆڕی شەپۆلی ئاوەکەو لەرزینی بەلەمەکە، لە هەموویان خەمگینتر، دەرکەوتنی ماسی شاکەکەیە! لەوەتی لەدەریا دەژیم و لەوەتی چاوم کردۆتەوە، شتی ئاوا زەبەلاح و عەنتیکەو ترسناکم نەدیوە, بەڵام، دیار بوو حەزی بە گێچەڵ و شەڕفرۆشی نەدەکرد، هاوشان، لەگەڵ هەموو خەمەکان، نێچیرەکەم ماسیەکەی لەناو دەستمدایە، ڕەنگی کەسکە، من هەر لە منالّیەوە رقی زۆرم لەو جۆرە ماسییانەیە، بە ژەهرم دەزانی، بەڵام، برسیەتی و بیروحەزی منالّیم، دوورن، برسیەتی، ئەوە نازانێ، دەبێ بیخۆم. دەیخۆم، ئەگەر سەد لە سەد بزانم ژەهرە. ئێ باشە، ئەوە بڕیارم دا بیخۆم، باشە بەچی کەوڵی کەم، بەچی هەڵیدڕم، بە چی.. چۆن خاوێنی بکەمەوە، بێجگە لە کۆمەڵە کلیلێك هیچی تر شك نابەم. دەزانم بەو شتانەش کارەکە مەیسەر نابێ، پولەکەکانی پشتی ئەوەندە رەقن، تەورداس نەبێ، هیچ کاری لێناکات...!

## -3-

مـرۆڤ بـێ خـواردن ناحەوێتـەوە، گـەر لەبـەر برسـیەتی و بێچارەیی نەبێ، چۆن وا دەکەم، کەی وا بێڕەحم و دڵڕەقم، بە کلیل ماسییەکی کەسکی تۆخ چاك بکـەم..! دوایـی بڕیارمـدا بەهێزێکی زۆرە کاربکـەم، تاقـەت و ئیشـی دەویست. کەوتمـە سـەر کلکـی و سـەوڵەکەم لـە لـووتی راکـرد. پێـستی زۆر رەق بوو، بـەڵام لەگـەڵ تـەوژمی سـەوڵەکەم و بەهـەموو هێزێکمـەوە توانیم، لووتەکانی هەڵزڕێنم، ماسـیش وەکو پـشیلەی حـەوت روح وایـە، هـەر زینـدوو بـوو، نـەدەمرد. بۆیـە سـەوڵێکی تـری توندم لێدا.

خـوێن لـە پەنجـەکانم هاتنـە خـوارێ، نەمـدەزانی، خـوێنی دەسـتمە، یـان خـوێنی ماسـیەکەیە.! دوایـی زانـیم پەنجـەکانم ئازاریـــان خـــواردووەو برینـــدار بوونـــە. گیانـــەوەری زۆرم لێ خڕبوونەوە، بێزم لە جەستەی ماسیەکە بۆوە، زۆری نەمابوو، فڕێی دەمەوە ناو دەریاکە، زۆر بێزم لێ بۆوە..!

وەك خـەڵکی قرتاجـەم کـرد، بـە کـونێکی ژێـر لوتـەکانی هەڵمواسـی، بـە ئاسـانی ریخـەڵۆك و نـاو ورگـی بـە گـوڕێ وەربـون، چەندین هێلکەشـی لەهـەناودا بـوو، گـازێکم لێگـرت،

زۆر ڕەق بوو، هیچم بە ددانە وە نەنوسا. گازی دووەمیشم لىێدا، هیچم بە هیچ نەکرد. گەرچی بێزیشم لێ دەبۆوە ,بەڵام لەتێکم جویی و بۆنیشی گێژی کردم. تامی وەك تامی تۆی کنتدور شل و لوس و بێتام بوو. پرسیم، دەبێ کەسێ هەبووبێت، وەك من، وەك ئێستای من، ماسی تەڕ بخوات. بەدوو پارو تێرم خوارد، وام زانی ماسیەکی گەورەی سوورکراوەم خواردووە. وەك ڕۆژی کارەساتەکەم لێهاتەوە، هاتمەوە دۆخی جاران، تینوێتیم کەم بۆوە، خواردنیشم زۆرە، لە ماسیەکی گەورەی دوو مەتری درێژ هەر دوو پاروم لێ خواردوە، زۆرم هەڵگرتووە، پاشەکەوتی زۆرم هەیە، ئەوەیان کامەران و دڵشادی کردم. لە کراسەکەم لوولدا، تا سەرما کاری لێنەکات، هێشتا بۆن و خوێنی پێوە مابوو، بۆیە دووجاری تر لە ئاوەکەم وەرداو، دیارە بۆنی ماسی زێدە تیژە، بۆیە شاکێك گەیشتە سەری, ماسیەکە لەناو ئاودا بوو کە شاکەکە پڕی دایە، سەری لە دەمی ئەودایەو کلکی لە مستی مندایە، کە زانیم زۆر ترسام، شڵەژام، خۆم گیر کرد، ویستم رایکێشمەوە، بەڵام سودی نەبوو، ترسام، نەوەك قۆڵم لەگەڵ ماسیەکە قوت بدات و ئەتکم بکات. بەرمداو سەوڵێکم تێگرت و لە لمووزیم گیرکرد، ئەویش نیوەی سەوڵەکەمی قوتداو بە شکاوی رامکێشایەوە.

# بەشی نۆهەم

## -1-

ئەوەنـدە تـووڕە ببـووم، پتـت لێـدابام، دەپـەڕیم. شـاكێك، یـەك پـاروو خـواردنم شـك دەبـرد، ئەویـشی بـرد، رفانـدی، خواردنێكی بەلەزەت بوو، برسیەتی حەوت رۆژی بە دوو پارو نەهێشت، تێری كردم. هـەردوو سـەوڵەكەم ئامـادە كردبـوو بۆ شەڕو تۆڵە، خۆم بۆ كاتژمێری پێنجی ئێـوارە ئامـادەكرد.. با بێتەوە، دەبێ تۆڵـەی خـۆمی لێبكەمـەوە..! وازنـاهێنم، ئەگـەر هەردوو سەوڵەكەشمی لەسەر دابنێم. ئـەم ئێوارەیـەش، دەریـا رووی هـێمن و پـاكی، شـێواو تـووڕە ببـوو، نمنمـیش بـاران دەباری، منـیش لەبـەر تینـوێتیم و شـەیدابونم بـۆ قومـێ ئـاو، بستێك زمانم دەرهێنابوو، بیرم لەوە كردەوە، سوود لـە ئـاوی بارانەكـە وەرگـرم، چـی بكـەم. كامیـان لەبـەر بارانەكـە دانـێم، پێڵاوەكـەم، كراسـەكەم.! بـەڵام سـەرما تـاوی هێنـاو گەیـشتە ئێسقانم، گشت گیانم تەڕ بوو، سەرمام بوو. دەریا شێت بوو،

تەوژمی شەپۆلەکان و هێزی ئاوەکە لە ڕۆژی کارەساتەکەی دەکـرد، هـەر دەهـات بـەهێزتر دەبـوو، بەلەمەکـەم وەك پەلکەگوێز لەسەر ئاوەکە هەڵدەقۆزیەوە، تا گەردنم ئاو هات. بەمجۆرەم رابوارد، هەتا پاش نیوە شەوێکی درەنگ، ئاسمان ترسناك و تاریك خۆی دەنواند، کەشەکە، شێداربوو، خۆم راگرت، بەرگەم گرت، زۆرانبازیم لەگەڵ شەپۆلی شێتا زۆری خایاند، تا لە ناکاو، ئەو سەرکەوت، منیش ژێرکەوتم، بەلەمەکەم وەرگەڕا، نوقمی ئاو بوو، وەك ڕۆژی کارەساتەکە، بە مەلە و کۆشش خەریك بووم، دەبوایە کۆڵنەدەم. لەو کاتانەدا، لویس رۆنجیفۆم بەبیرهاتەوە، ئەو کەڵەمێردو پاڵەوانە. ئەو یەك دوو مەتر لە من دوور بوو نەمگەیشتێ و خنکا. ئەدی منی بێهێزو برسی، چارەنووسم چی دەبێ!؟ باش بوو، بەلەمەکەم سەرئاو بۆوە. بە دوو باسکە مەلە گەیشتمێ و گرتمەوە.. خۆم گەیاندێ.

## -2-

ئەگـەر وەرگـەڕانی بەلەمەکـەم، بـەم نیـوە شـەوە نەبوایـە، کـاتی نـەبوونی شـاك و گیانـەوەرە، ئەگـەر کـاتی عەسـر و ئێوارەیەکی زوو بوایە، هەر ماسی گەورە و شاکەکان قوتیان دەدام. پـەرت پـەرتیان دەکردم، ڕۆژی ڕەشیان نیشان دەدام. دوو سەوڵەکەشم ئێوە خۆش زۆر مەمنون بووم بەوەندە، باش بوو لە ترسی سەرما. کراسەکەو پێڵاوەکەم لەبەربوو، ئەگەرنا ئەوانیـشم لەدەسـت دەچـوو..! سـەوڵە شـکاوەکەم کەوتـەوە دەسـت، لـە ترسـی ئـەمجارە بەتونـدی لـە بەلەمەکـەم بەسـت. سـەیرێکی تەوافەکـەم کـرد دیـاربوو، وای نیـشاندەدا کـەوا دیسان سەرونخون دەبینەوە، بۆیە ویستم یەکسانی دروست بکـەم، خـۆم قـایم کـرد، بـەڵام سـودی نـەبوو، دیـسان وەرگەڕامەوە، ئەمجارە، لەجاری پێشو خراپتر. لەبەر ئەوەی لە ترسی وەرگەڕان توند خۆم لە بەلەمەکەم پەستابوو، بۆیە ئـەمجارە کـە وەرگـەڕام، کەوتمـە بـن بەلەمەکـە و گرێـی بەستنەوەکەشم لێ گوم بوو، بەدەستێك گرانیەکەی بەلەمەکەی سەرم کەمتر کردەوەو بە دەستی دووەمم هەر لە گرێیەکە

دەگـەڕام، دوایـی دۆزیمـەوە، گرێکـەم، شـل کـردەوەو دەربـاز بووم، ئازا بـوم، نەمهێشت زۆر بخایـەنێ، ئەگـەرنا دەخنکـام!! پـاش ئـەوەی قـوڕگم پـڕ ئـاوی سـوێر ببـوو، رزگـارم بـوو. لـەو هـەموو بێنەوبـەردەدا، سـەغڵەت نـەبووم، دەسـتم لـە بەلەمەکـە هـەر بەرنـەدا کـە هەڵسـامەوە، بەلەمەکـەم وەرگێڕایـەوە سـەر پشت و هەوایەکی بێگەردم بە پڕی سییەکانم هەڵمژی..

## -3-

له ڕۆژی هەشتەمدا، وامدەبینی، کەمێ باران دەبارێت و ئەگەر ببارێت، منی تەنیا و تینو تێر دەکات و قوڕگم تەڕدەکاتەوە، لە هەورە ڕەشەکەدا دیار بوو، بەڵام لە بەدبەختی من یەك دڵۆپەی لێنەهاتە خوارێ، کاتژمێر بوە هەشتی بەیانی، خۆشیکرد، بوە سامالێك وەك ئاوێنە، ناچار قومە ئاوێکی سوێری دەریام خواردەوە، بینیم تامی ئاسایی بوو، دەستی خۆم شکاندەوە، کەوا چەند ڕۆژە خۆم وا هەراسان کردووەو شێتی قومە ئاوێکم و نایخۆمەوە..! دەریا شین و جوان بوو، دیمەنێکی ڕۆمانسی بێگەردی دەنواند، ئاسۆکەی لووس و جوان، هەر زێنەت بوو تەماشای بکەیت. لەم خۆشیەدا بووم، نەورەسێکی پیرم لێ بەدیارکەوت، هاتە سەر ڕۆخی تەوافەکەم. ئەم نەورەسە پیرە مـوژدەی نزیکبوونەوەم بوو لە وشکانی. نەورەسەکانی جاران، گەنج و بە تاقەت بوون و تاقەت و شکۆیان هەبوو دوور بڕۆن و بگەڕێنەوە, بەڵام، ئەم پیرە نەورەسە، دونیادیدەیە، دەیزانی دوورناکەوێتەوە، زۆر ناچێتە قوڵایی دەریا.. ماری چاوشین و ڕەزاسووکەکەی هاوڕێم بە بیرهاتەوە، چۆن، یەکەمین جار

پێکەوە چووینە سینەماو زۆر لە نزیکم بوو، رووداوی فیلمەکەی بۆ تەرجمە دەکردم، تا دوعام بۆ بکات و لەبەر من چوو بووە، کەنیسەی کاسۆلیك و دوعای بۆ کردم. تا دوورە قەزاو بەڵا بم. لەخودا پاڕابۆوە، بمپارێزێت. ئەوەندە دیقەتی دەریام دابوو، هەر زوو زانیم رەنگی گۆڕاوە..! ئەوەیان شادومانی کردم. بەلەمەکەم، خێراتر بوو، واتدەزانی چەند دەستم لەگەڵە و سەوڵم لەگەڵ دەکەن، یان ماتۆڕێکی لەسەرە..! خێرا دەڕۆیشت، تیژ.. وام هزر کرد، هەر پەنجا میلم ماوە بگەمەوە سەرزەوی، دەم نادەمێ، هەڵدەستامەوە سەرپێ تەماشای پێشی خۆم دەکرد، وام تەماشا دەکردو دڵم وای دەووت، هەنوکە هەنوکە گلۆپەکان دەردەکەون، بۆنی ئاوەدانی و  بەندەرێکی لێ دێت..!

## بەشی دەیەم

## -1-

شەوی هەشتەمین، ئارەزووی نوستنم نەبوو، لە کاتژمێری نۆی شەودا و هەتا هەشتی بەیانی نەورەسە پیرەکە لەسەر تەوافەکەم بوو، دڵی خۆم دەدایەوە بەوەی پاش کەمێکی تر دەگەمەوە وشکانی. وامدەزانی بۆ خاك و خاڵێکی دیارکراو دەڕۆم. بەبێ ئەوەی هیچی تازەم هاتبێتە پێش، هەر هیچ! بە خۆڕایی، وام هەزر دەکرد. هەر نەورەسە پیرەکەو گۆڕانی رەنگی ئاوەکە، وایان دەگەیاند. سەرم بە سەوڵە شکاوەکە کردو لەگەڵ هیواو ئەو وڕێنانە خۆم لەبیرچوو.

"دەبێ ئێستاش..! ئاستی رۆیشتنم، لەگەڵ هێڵی فڕینی فڕۆکەکان بێ..!" "ئەگەر وا نەبێ و تۆزقاڵێك لامدابێ، ئەوە یەکسەر دەگەمە کۆلۆمبیا..!" "ئەگەر بۆ لای باشووریش پێچم کردبێتەوە، ئەوا خۆم لە کەنداوی ئەنتیل دەدۆزمەوە..!" زەحمەتە بۆ منی تەنیا و ماندوو و برسی و

بێ قیبلەنما، ڕێگا بدۆزمەوە.. زەحمەتە ،بەڵام ورەم هەر بەرز بوو و خۆم سەغڵەت نەدەکرد.

نیوەی شەویشم بەسەرداهات و ڕووداوی تازە نەبوون، ئەستێرەی جوان، ئاسمانی شینم لەگەڵەو دڵم دەکاتەوە. شەماڵیش، بە کزە فێنکەکەی دڵشادم دەکات و پیرە نەوڕەسیش لەسەر سەرمە و جار ناجارێ، دەندوکێکی هێواش لەسەرم دەدات، وەك ئەوەی بزانێ، سەرگەردان و وێڵم، بۆیە ئەزیەتم نادات. پڕ بەدڵ ئەو نەورەسەم خۆشویست ،ئەوەی تر کە خواردم برسیم بوو، بەڵام ئێستا پەشیمانم، چەندی بڵێیت پەشیمانم.! ئەمەش، ئەوەندەم خۆشدەوێت.. ئەوەندە لام پیرۆزە، وەختە قووتی بدەم. لەگەڵ منا، دەجولاّ، کە سڕو بێدەنگ دەبوم، ئەویش بەستەزمانە کڕ دەبوو..

بەیانی زوو قاچەکانم درێژ کرد، ئەویش هاتەسەر قاچەکانم، هێدی هێدی دەندووکی لە پێڵاوە لاستیقەکەم دەدا. بەهێواشی گرتم و هاتە ناودەستم، وەك ساوایەکی بەناز دەستم بەسەریدا هێنا، گەرچی نیوە مردوو ببوم و برسیەتی پەکی خستبووم، بەڵام، بیرم لە کوشتن و خواردنی نەدەکردەوە. بە دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕۆژی نۆیەمم، بەندەکەی ناو دەستم ئازاد کرد. لە شەقەی باڵی‌داو

ڕۆیشت.. تەماشام کرد هەتا لە ئاسۆی چاومدا ونبوو. پشتم لە تیشکی خۆرە گەرمەکە کرد، پۆرگەکانی پشتم، بە تیشکی خۆرو ئاوی سوێر، زۆر کولابۆوە، بۆیە برینەکان زۆر ببوون، پشتم ببوە پارچەیەك خوێن و کێم، کە دەستم بۆ پشتم دەبرد، پارچە گۆشت و قەتماغەی لەگەڵ دەهات، چەرمی درێژی لێدەبۆوە، لیچی لێ شۆڕ دەبۆوە، دەم نادەمێ، هەڵدەستامە سەرپێ و تەماشای پشتەوەم دەکردو ئاسۆی چاوەکانم دوور دەبرد، هیوای مۆژدەی ڕزگاربوونم دەویست ببینم، بەڵام! بەداخەوە لە چاو ئێشان و ئەزیەت خواردن و ڕێشکەو پێشکە زیاتر هیچی ترم چەنگ نەدەکەوت..!

## -2-

هیوای دوازده سەعاتەکەی رابردووشم بەفیرۆ چوو.! بەیەکجار بێ ئومێدو رەشبین بووم. سەد خۆزگەم بە مردن خواست، بیرم لە مردن کردەوە، چۆن بمرم!؟ یان دەبێ خۆم بکوژم، یان خۆم بخنکێنم، ناوم لە دەفتەری ژیندا سڕاوەتەوە، تەواو. چاوم لەسەریەك دانا، بەخەیاڵ گەیشتمە لای هاوڕێ جولەکەکەم ماس نسر، کوتاڵفرۆشێکی قسەخۆش و هەرزانفرۆش بوو, لە خەیاڵەکەمدا لە هۆڵی باتیك دانیشتبووین، لەو هۆڵەدا، ژنێکی ئەندام زراڤی نازدار، سەمایەکی عەرەبی دەکرد، چەند حەزبکەیت، لەگەڵ مۆسیقاکە گونجاو بووین. چاك خەیاڵ ببوین، هاوڕێکەم. زاراوەی کاستیتلیای ئیسپانی دەزانی، چاك لە یەکتری حاڵی دەبووین. لەو خەیاڵەدا بووم و لەناکاو کیسەڵێکی گەورەی چوارمەتری تەونی خەیاڵەکەی پچڕیم و کاتە شیرینەکەی لێ تاڵ کردم، بە خەیاڵیش، وازمان لێنەهێنن، ساتێ کامەران بین.! ترسێکی کوشندەی هاویشتە دڵم، کە بەرز دەبۆوە و سەرئاو دەبوو، کەرتە شاخێك بوو، زەبەلاح و گەورە، کە نقومیش دەبوو، چەورییەکەی لەسەر رووی ئاوەکە

جێدەهێشت. دەستمدایە سەوڵەکەم، هیچی تر شك نابەم. بۆ پاراستنی خۆم لە هەموو مەترسییەك، هەر سەوڵەکەم. ئا کە مرۆڤ بێعارو جەربەزەیە، پێش دەمێك حەزم لە مردن دەکرد، بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە.

ئێستاش ترسی مردنم گەیشتێ، عەودالّی، خۆپاراستن و دەستوەشاندنم، ئای چەند ژیان لە مردن شیرین ترە..! کاتیش، هێدی هێدی، بەرەو دەرکەوتنی ماسی شاکی کافرم دەبات.. لەبەر ئەو کەین و بەینە و لەبەر ئەو رووداوانە هەڵکۆڵینی تۆماری رۆژێکم لەسەر بەلەمەکەم لەبیر چوو.! خێرا کلیلەکانم دەرهێناو ژمارەی رۆژێکی تاڵ و چاوەڕوانی ترم زیاد کرد.!

## -3-

لقی دارێك، یان پوشێك، له ڕۆژانی پێش كارەساتەكە، لەلام هیچی نەدەگەیاند، بەڵام ئیمڕۆ، واتە ڕۆژی نۆیەم، زۆر دەگەیێنێ!؟ دوێنێ بە خەیاڵ و وردەبیرم زۆرم نەمابوو بگەمەوە سەر زەوی و ڕزگارم بێ، وا ئیمڕۆش بەدیتنی لقە دارێكی سەرئاو كە بە تەوافەكەمەوە نوسابوو، زۆری دەووت، هیوای گەیاند، بونی ئەم لقەدارە، بە هزری من، نزیكیە لە وشكانی، لەكاتی خۆیدا حەزرەتی نوح باڵندەیەكی بەرەڵاكردو كە گەڕایەوە سەر كەشتیەكە لقی تەڕی زەیتونێكی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، كە حەزرەتی نوح ئەمەی بینی، بزەی هاتێ و موژدەی دانێ، كەوا زۆریان نەماوە و وشكانی هەیە..!

لەماڵەوە، ئیمڕۆ قەشەكەمان، دوا نوێژی ماڵئاوایی بۆ كردم، پرسەكەم تەواوبوە، لەسەد لاوە لێقەوماو و بەدبەختم، بەس لەوە نەبێ، كەوا ئیمڕۆ ئەم لقەدارەم بۆهات، منی برسی و گەدە وشك و ڕیخۆڵە مردوو، وا خواردنی بۆهات، سەد سوپاس و شوكری دەوێت، لقەدارەكەم، تام كرد، تامی تاڵ و

تفت و ناخۆش بوو،بەڵام! بۆ من زۆر بوو، تامی گرنگ نییە، بوونی گرنگە..

لە منی بێکەس و بەدبەخت و بێهیوا، چی چاوەڕێ دەکرێت، کەسێك بە هیوای رزگاربونە، هێشتا خاڵێکی نەهاتبێتە پێش..! وا چاکەو نوێژی مردن بکەم. هیچ دەروازەو نیگام نەماوە، بێجگە لە نوێژی مردن..!

## بەشی یازدەهەم

-1-

هەموو کەسێ، هەر بۆ یادگاری و بیرەوەری، یادی کۆن، یادی تاڵ و شیرینی دوێنێ بەبیرخۆیان دەهێننەوە، وا منیش، باسکە مەلە و پەلەقاژەی مردنی هاوڕێم لویس رۆنجیفۆم دێتەوە پێشچاو. ئەدی رۆژانی بێهیوایی و مانەوەی خۆم بە تەنیایی و ئاوی سوێری دەریاو برژانەوەی برینەکەی قاچم و زۆربونی پۆرگەکانی پشتم و وەرگەڕانی بەلەمەکەم.. هەموویانم بەبیرخۆم دەهێنایەوە، چەندی بگێڕمەوە، تەواو نابێ، ترسی شاکەکەو کوشتنی نەورەسەکە و زۆری تر.. هەموویان، وەك فیلمێکی سینەمایی دیمەنەکانی دێنەوە پێشچاوم.

تاریك و روون بوو، کە هەوایەکی بەهێز هەڵیکرد، قاچم ژانی زۆر بوو، دەلەرزیم، خۆ منیش مرۆڤم، گۆشت و ئێسقانم، هەستم هەیە وابوەعومرێك بە تەنیام و سەرگەردانم، کە رووداوەکانم بەبیردێتەوە، زۆری نامێنێ مێشکم بتەقێ..

ئێسقانەکانم بە ژان کەوتبون، هەستم دەکرد، سەرم لە بەدەنم گەورەترە.. کە خۆرهەڵات، هێڵێکی تری تەمەنم رادەکێشم و دەبێ چارەنوسم بگاتە کێندەرێ، رۆژێکی تریش، دێ و من تەنیام و شەیدای وشکانی و مردنم!

# -2-

لەبەر ژانی قاچم، کەوتمە سەرپشت، هەرچی لێدەکەم، هەر ژانی هەیە، درێژم کردەوە، ژانی هەر زۆرە، ویستم هەڵسمەوە سەرپێ، نەمتوانی سەراوسەر بەربومەوە، سەرم بەر رۆخی بەلەمەکە کەوت و چاوەکانم زەق بوون، لەگەڵ ئەو ژانە قورسەش، کاتم هەر لەبیرە، تەماشای سەعاتەکەم کرد، بینیم، چواری بەیانییە، کاتی تەماشای ئاسۆیە، تەماشای دوورە.! زۆر تەماشای ئاسۆی دەریام کردبوو و هیچم چنگ نەکەوتبوو، بۆیە بە هیواوە چاوم لە ئاسمان گیرکرد، بینیم رەنگی گۆڕاوە، سوور بوە. دەریا سەرمای دەنواند. ژانی چۆکم زۆرتر دەبوو، زۆری نەمابوو لە ژانا چاوەکانم دەرپەڕێت، بێجگە لەو ژانە، ژانە سەریش هاتە سەری، سەریشم کەوتە ژان.! هەر ئەوە بوو نەفەسم دەهات، ئەگەرنا مردوو بووم! حەزم لە مردن زیاتر بوو نەك لە ژیان. رۆژگارم بەس رۆژ ژماردن و ژان و بێهوایی و شاك و شینی ئاسمان و ئاوەکەش کەسك ببوو.

بەیانی چەند وێنەی گەڵاو لقی دارم لەسەر ئاوا بینی، زانیم هی دارگوێزە، بەفیزەوە، گاڵتەم بەخۆم کرد. دوێنێ

شەویش تەماشای سەماکەرێکی عەرەبم دەکرد، دوێنێ لە شاری موبیل بووم! ئەم شەویش لەماڵەوەم. لە بۆگۆتا لەگەڵ هەڤاڵەکانمدا، لە قوتابخانەی لاسال لە شاری فیلافیشانسو بووم، ئێستاش زەوی دەبینم، ئەگەر پێش چەند رۆژێ بوایە، یەکسەر، خۆم دەهاویشتە ناو ئاوەکە و بۆی دەچووم..! واملێهات، ئەو سەرابەی پێشچاوانم بە دیقەتەوە بۆی دەچم، کە دەچم.. نزیک دەبنەوە..! جارجاریش بە دووری دوو کیلۆمەتر دەیبینم.. لەو دووربونەو نزیکبونەدا، رووم وەرگێرا.. خۆزگەم بە مردن خواست. دیسان خەیاڵ و سەرابە! وای لێهات، بە رۆژیش خەیاڵ دەبم، چۆن بەشەو خەیاڵ و خەونم دەهاتە پێش، واملێهات! گەواڵەیەك هات و ئاسمانیشینی لێگومکردم، لەخۆرهەڵاتەوە، خۆشمویست، لام پیرۆز بوو، لە شەودا دەترسام، بە رۆژ باشترم, گەرمەکە قەیدی ناکات.! نیگەران و بێزارم، شەو تاریکی و نامۆیی، رۆژیش ژانە پشت و زورانەوەی پۆرگەکان. سەد لەعنەت لە بەدبەختی و چارەڕەشی خۆم! خۆزگە پارچە پارچە بومایە و هەر پارچەیەکم کەوتبایە لای ماسیەك، نەك توشی ئەم ناڕەحەتیە بوومایە..!؟

بۆ سەرینە رەقەکەم گەڕام، باشە! سەرینم بۆچییە، خۆم خەو ناچێتە چاوانم، سەوڵەکەم شل کردەوەو سەرم پێکرد،

کاتـژمێر بـوه پێنجـی بـەیانی، بـەم کازیوەیـە زانـیم وێنـەکان راستن و زەوییـەکی کەسك و درێـژ لـە رۆخـی دەریـادا دیـارە. دڵشادو کامـەران بـوم، لـە خۆشـیا شاگەشـکە بـووم وەك ئـەو کاتانەی کە گڵۆپی فرۆکەکانم لێ دیـاربوون، کـە نەورەسـەکەم بینی، کە بینیم رەنگی ئاوەکە گۆڕاوە.. ئای ئەگەر دوو هێلکە و پارچەیەك گۆشتم لە پێش دەبوو، ئای ئەگەر گلاسێك شیرم لەبەردەما دەبوو..!

کەسـکاییەکە، هـەردوو کیلۆمـەتر لـە مـن دوور دەبـوو، سـەوڵەکەم دەسـتمدایە، بـەڵام! مـن برسـی و مانـدوو سەوڵێکیشم شکاوە! ئەدی ژانی ناولەپم، ژانی پشتم، خۆمن هەر دەردێکم نییە..! بەڵام، کۆڵم نەداو بـەهێزەوە تاقـەتم دایـە بەرخۆم و بەرەو پێشەوە چووم.

## -3-

**بە سەوڵە شکاوەکەو شەماڵە فێنکەکە، کەمێ چوومەپێش، کە دەچوومە پێشتر دارگوێزەکان، گەورەتر دەبوون.**

**"داخی گرانم" گەر دوو سەوڵەکەم نەفەوتابایە، ئێستا خێراتر دەڕۆیشتم" ڕۆیشتن بەیەك سەوڵی شکاو زۆر زەحمەت بوو.**

**کە زۆرتر ڕۆیشتم، توشی بەردەلانێ بووم، کەڤرە تیژ و تیشی دەم تیژ، بۆیە بە ناچاری خۆم لە بەلەمەکە هەڵدایە خوارێ و بەلەمەکەم جێهێشت، منی برسی و ماندوو، دەبێ دوو کیلۆمەتر بەمەلە بڕم، پشتم دەزورێتەوە، چۆکم ژان دەکات، بەڵام دەبێ مەلەبکەم!! کە ئاو بە پشتم کەوت، هەموو پۆرگەکان کەوتنە ژانی زۆرتر، کە کەوتمە مەلە زۆرتر ماندووبوم..! بەڵام هەستمکرد، وا بەرەو زەوی وشکانی دەچم.. لەهیوا نزیك دەبمەوە.. کراسەکەم لەبەر کردبۆوەو لە پشتم بەست بوو، قەیتانی پێڵاوەکەشم توند بەست بوو بۆیە هەردووکیان ئەرکیان گرانترکردم.. لەو تەنگاوییە،**

زنجیرەکەی ملم خەریك بوو داکەنرێ، بەڵام، چاپوکانە بەدەمم گرتمـەوە. وەك شـێتێ، ملـم لـەدەریا دەنـا، بـەڵام دەڕۆیـشتم، ترسـی ئەوەشـم بـوو، نـەوەك شـەنگم لەبـەر نـەمێنێ و پـەکم بکەوێت، بەڵام، هیوای ترم نەماوە، بێجگە لە مەلـەکردن.. خۆ بەلەمەکەشـم دوور کەوتـەوە.. دارێکـم لەدەسـت بـوو هـەردوو سەری پیس..!

## بەشی دوانزدەم

چارەکە سەعاتێك بوو مەلەم دەکرد، بە قسەی خۆم یەك کیلۆمەترم بڕیوە، زەویم، لێ بەدەرکەوت، جوان جوان دیاربوو، بڕوام کرد ئەمجارە راستییە، تیشکی هیوام بینی، دڵخۆش بووم، تیشکی خۆر دەتووت زێڕە لە نێو گەڵاو لقی دارگوێزەکان خۆی نیشان دەدام، زانیم گوێزەکان، دارگوێزی هیندیین، گوندو ئاوەدانیم بینی، هێدی هێدی، خانوبەرەم بینی، بوە بیست دەقیقەی تەواو وا مەلە دەکەم، زۆر ماندوو بووم، بڕوام بەخۆم هەبوو، هێزم دایە بەرخۆم و ملمناو رانەوەستام.

نیوەی تەمەنم لە دەریا سەرفکرد، قەت وەك ئێستا، هەستم نەکردووە کەوا مەلەوانزانی چاکم و مەلەوانی پیرۆزە.! ئیمڕۆ نۆی ئادارە، وا نزیکتر دەبمەوە، دارگوێزەکانی گەورەتر دیارن، هەستم دەکرد، تیشکی خۆر ماسولکەکانی دەستمی بەهێزتر دەکرد! ئاوی دەریاش شیرین تر دەبوو. لەوە دەترسام، ئەو هەموو رەنج و کۆششەم

بەفیڕۆ بچێت و تاقەتم نەمێنێ و پەکم بکەوێت. بەڵام خۆش بەختانە، هێزم هەر مابوو، دەچومە پێش و دار گوێزەکان قەبەتر دەبوون.

کەمێکی تر ڕۆیشتم، ویستم تاقیبکەمەوە, بزانم قاچم بەر لمی دەریا دەکەوێت و پێیەکانم دەگەنە بن ئاوەکە..!! بەڵام، دیار بوو، هێشتا قوڵ بوو هێشتا چونە پێشەوەی دەوێت، تاقەت و مەلەوانی دەوێت. دارستانی چڕو سەوزایی زۆرم لێ دەرکەوت، دوو جاری تر، ویستم لەسەر پێیەکانم ڕاوەستم.. دواجار، پاش دە ڕۆژ، ڕاوەستام! قاچم بە خاکەوە نوسا..! ڕاوەستام! قاچم بە لم و قوڕی دەریا کەوت. ڕۆیشتن، بە ڕووی شەپۆلا بۆ منی ماندوو و بێزار ئاسان نەبوو، کارێکی قورس و ئەرکێکی گران بوو.. پانتۆڵ و کراسەکەی بەرم و مەدالیاکەی دەمم و ئەزیەتی پێڵاوەکەم. هەموویان، کارەکەیان زەحمەتتر دەکرد، خۆ ئەگەر، زوو خۆم ڕووت کردبایەوە، زۆر باش دەبوو، بەڵام! دیارە ئەگەر مرۆڤ لە گەرووی مەرگیشدا بێ، هەر شەرم دەکات و حەزدەکات هەر پۆشتە بێ..!

زۆری نەمابوو لەخۆبچم، ئاو تا پشتێنم هات، بۆیە بە ناچاری دووبارە کەوتمەوە مەلەوانی هەتا ئاستی ئاوەکە گەیشتە ڕانم.. ویستم غار بدەم، ویستم شەقاوی گەورە

باوێم.. بەڵام هێشتا، ئاوەکەی تەوژمی بۆ من هەبوو.. خوێن لە چۆکم دەهات، بن نینۆکەکانم پڕ قوم ببوون. هەموو شتەکانی پێشم دەسوڕان، زەوی، دار، ئاوەکە، وام هەستکرد، دەیانەوێت قووتم بدەن، بەم دوا دواییە، خەریک بوو، داوەشێم! بەڵام، دیاربوو، خەون و تارمایی بوون و لە ئاکامی ماندووبونا دروستبوون. بەهەرحاڵ! لەسەر دەست و لەسەر چۆکان خۆم گەیاندە سەر زەوی گشت گیانم خوێن بوو، شەکەت و نیوە مردوو، هێمن و مات لێیکەوتم و بیرم لە هیچ نەکردەوە.

نەمدەزانی پەنام بۆ کێندەرێ بردییە، بە ئارەزوو و ویستی خۆم نەبوو. کپ و سەرسام و ئەبڵەق ببووم! کزەی شەماڵ دارەکانی دەهەژاند، یاری شەپۆلی دەریاشم لێ نزیک بوو. هەر ئەوەندە بوو سەرم دەجوڵاو چاوم دەگێڕاو چواردەوری خۆمم پشکنی، بینیم، لە دووری بیست مەترێک پەرژینێکی بە سیمی سەرتیژ دیاربوو، ڕێچکۆلەیەکی باریک و پاشماوەی چەند گوێزێکی شکاوم بەدی کرد، خۆ ئەو شتانە، بۆ من هیچ بایەخیان نییە و کارم پێیان نییە، بەڵام بۆ من زۆری دەگەیاند، ئەویش نیشانەی بوونی ئادەمیزادو ژیانە..!

کاتژمێر گەیشتە شەشی بەیانی، هەر دە دەقیقە دەبوو پاڵم دابۆوە، هەندێ گوێزی هیندیم دیت، بەخش خشۆکە بۆیان چوم، گەیشتمە دارێك و پشتم بە دارەکەدا، دەستم بۆ گوێزی هیندییەکە درێژکرد، دەستم گەیشتێ و هێنام. هەڵگێڕو وەرگێڕم کرد، وەك ئەو ماسیەی کەوا پێنج ڕۆژ لەوەوپێش لەناو دەستمدا بوو، گوێم لە قڵپەقڵپی ئاوی گوێزەکە بوو، گوێم لە ئاوەو زۆریشم تینووەو ئەوەش زۆرتر شەیدای ئاوی کردم و زیاتر تینووبووم، ئەو گوێزە سێ کونی هەبوو، ئاویشی تێدایە و تامەکەشی خۆشە، بەڵام شکانی گوێزەکە تەورداسێکی دەویست، منیش لە کلیلەکان زیاتر هیچم شك نەدەبرد، ئەوەشم دەزانی شکانەکە بەو کلیلانەش نەدەکرا، واتە گوێزەکە، بۆ من هیچ..! بۆیە بە ناچارییەوە فڕێمداو ئەویش بۆ ناو ئاوەکە غلۆربۆوەو شڵپەی هات..!

لە دوورەوە، سەگوەڕێ دەهات، گوێم قوراخ کردو زەینم بۆ لای دەنگەکە ڕاگرت، لەناکاو تیشکی زیوینی دەرکەوت، چاوم بە تیشکێ کەوت، تەماشام کرد، بینیم، تیشکەکە هی جامێکی ئەلمنیۆمی سەرشانی کیژێکی ڕەشە، ساڵدانە ساڵدانە دەڕۆیشت.

دەهات و منی نەدیبوو. لە دوورەوە تەماشام کرد، پەلەم بوو، زوو بزانم ئێرە کێندەرێیە، ویستم لە ئاکاری ئەودا

ناوچەکە بناسم، پرسیم! خەڵکی جامایکا، ئەرخیل و هەموو خەڵکی دوورگەکانی ئەنتیلم هێنایەوە پێش چاوی خۆم.. دەبێ ئەوانە چ میللەتێك بن!؟ چ زمانێك تێبگەن.! دەبێ لە ئیسپانیەکەی من بگەن، خۆ ئەگەر لە ئیسپانیەکەم حاڵی نەبێت، ئەوا یەکسەر رادەکات و دەڕەوێتەوەو ئەو هەلەشم لە کیس دەچێ..! من کەڵکی هیچم نییە! وەك مەلۆتکەم، کەڵکی جولاّنەوەم نییە، بە ئینگلیزییەکی رەوان بانگم کرد.. وتم، هێلپ می..! ئەویش بە زەقی تەماشای کردم و هاوارم کرد، هلۆهلۆ.. هلۆ.. دیاربوو، دوودڵ و سەرسام بوو، لای ئەو عەنتیکە بوو، بڕوای نەکرد، ڕایکرد، هەڵات، دوورکەوتەوە و دیسان بە تەنیا مامەوە.. تەنیایی..!!

هەر ئەوەندە بوو هەناسەم دەهات، بێهۆش کەوتم و لە پەنا دارەکە هانکەهانکم دەهات، گوێم لە سەگوەڕێ بوو، خۆم قیتکردەوەو هەڵسامەوە سەرپێ و بەهێزی دەستم خۆم راگرت. نیگام ئاراستەی لای سەگوەڕەکە کرد، یەك دوو دەقیقە راوەستام، کەم کەم، سەگوەڕەکە نزیك دەکەوتەوە، زانیم بۆنیان کردووە، دەهاتن. ماوەیەك، کەشەکە هێمن بوو، هیچ دەنگێ نەما، بێجگە لە گڤەگڤی با، هیچ دەنگێ نەدەهات، ئەبڵەق ببووم، چاوەکانیشم نەدەتروکاند، ئەوەدەمە کورتەم بە تەمەنێکی درێژ زانی، هەر نەدەڕۆیشت. لە ناکاو!

زەلامێکـی درێـژو سـەگێکی لاواز و کـەرێکم لـێ پەیـدابوو. زەلامەکە، تفەنگێکی لەشان بوو، سەیری کردم. سەگەکەش هـەر بـۆ لام دەهـات. ئـەویش تفەنگەکـەی لەشـان کـردەوەو لەبەرخۆمەوە وتم: لەهەر شوێنێ بم، تەنیا لە کاریب نەبم، بە ئیـسپانی دوانـدم و پـێم وت، یارمـەتیم بـدە، چـاوەکانی نەتروکاندو هەر تەماشای دەکردم. دیار بوو توورە و ڕق لەدڵ بـوو، زۆری نـەمابوو، گوللەیـەکم لێبـدات و بمکاتـە قوربـانی گوللەیەك، سەگەکەشی دەیلێستمەوە، نەمدەتوانی دووریشی بخەمـەوە، تاقـەتی ئەوەشـم نـەبوو، چوغەیەکیـشی لێبکـەم. دووبارە، داوای یارمەتیم لێکردەوە، ئینجا قسەی کردو وتی:

–چیت بەسەرهاتووە..؟!

ئەو دەیویست بە ئاسانی ژان وکوێرەوەری دە ڕۆژەکـەمی بۆ باس بکەم,بۆیە هەر ئەوەندە بوو نوزەم دەهات وتم:

–مـن لـویس ئەلیخانـدرۆ فیلاسـکۆم، مـن دەریـاوانێکی پاپۆڕی کالداسم. من لە ڕۆژی(28)ی شوباتدا کەوتومەتە ناو دەریا..!

وامزانـــی یەکـــسەر پـــرم دەداتـــێ و لـــە باوەشـــم دەگرێت،وامدەزانی کەس نییە ناو و ناونیشانم نەزانێ،کەس نـەماوە، هـەواڵی منـی نەبیـستبێ.. وامزانـی بـە گـەرمی لـە ئـامێزم دەگرێـت. دلۆڤانـە بـۆم دەسـوتێت..! بـەڵام، ئـەو هـیچ

خۆی شێلو نەکردو سەگەکەشی لە من دوور نەخستەوە، تەنگاو بووم، دەمویست، سەگەکەی چیتر برینی قاچم نەلێسێتەوە، ئەویش بە ساردی و بەسەری لمووزی وتی:

–تۆ دەریاوانی گواستنەوەی پەلەوەریت، ئەوانەی پەلەوەری گۆشت خۆر و بەرازیان دەفڕاند و ئەو سامانە گرنگەی ئێمەیان دەدزی.! "منیش وتم":

–نەخێر! پاپۆری ئێمە، پاپۆڕەکەمان، کالداس تایبەتیە بە چەك و تەقەمەنی!؟ کە ئەم قسەیەی بیست، تفەنگەکەی دەستی لە شانی کردەوەو وتی:

–دەچمە شۆستەی بەندەرەکەو پێویستم بە کلافەیەك سیم هەیە، هەرکە گەڕامەوە یارمەتیت دەدەم. وامزانی ئەم هەلەشم لەکیس دەچێت، بۆیە پرسیم:

–دەگەڕێیتەوە.. دەگەڕێیتەوە.!

–دەگەڕێمەوە "وەڵامی دامەوە"

بزەیەکی هاتێ و کەرەکەی دایە پێش خۆی و رۆیشت، هەتا رۆیشتیش، سەگەکەی هەر خەریکی من بوو....

–دوا پرسیار، زەحمەت نەبێ.. ئێرە کێندەرێیە.؟!

+"هەر بە رێگاوە" وتی: ئێرە، کۆڵۆمبیایە.!

## بەشی سیانزدەهەم

## -1-

دەستم لە گەڕانەوەی ئەو پیاوە شوشت، کە گفتی گەڕانەوەی دامێ، وتی، دەگەڕێمەوەو یارمەتیت دەدەم، هەر نەگەڕایەوە، هەر هیچ نەبێ، سەگەکەی لێم پاس بکات و واز لە لیستنەوەم بێنێ.! سەگەکە، کە لە خوێن و کێم و تەڕی برینەکانم، تێری خوارد، دوورکەوتەوە، لەدیارم و لەسەر قوونان هەڵتوروکاو کلکی بۆم دەجوولاند.

پاش چارەکە سەعاتێك، خۆی و ژنە رەشەکە، دیار بوو خێزانی بوو، گەڕانەوە، باش بوو، کەرەکەیان پێبوو. پرسیاری لێکردم، کەوا دەتوانم هەڵسمەوە، دەتوانم بڕۆم، لینگم ئەرز دەگرێ.؟! منیش، رەزای خۆم گران نەکردو وەڵامم دایەوە، رەنگە، کۆشش دەکەم! هەڵسامەوە، ویستم بڕۆم، بەڵام لەبەر بێهێزی سەراوسەر کەوتم، کە زانییان شەنگم

نییە، دەستی گرتم، هەردووکیان، خۆی و خێزانەکەی، منیان هاویشتە سەرپشتی کەرەکە و سواریان کردم.

دە رۆژ بێ ئاو و هەوا بووم، دە رۆژە تینومەو بەرگەم گرتبوو، بەڵام ئەو دەمەی لەسەر پشتی کەرەکە بووم، لەو دە رۆژە زۆرتر شەیدای قومێ ئاوی خواردنەوە بووم. زۆر بێ شەرم، داوای ئاوم کرد. داوای ئاوی گوێزی هیندیم کرد، داوام کرد گوێزێکم بۆ بشکێنن، گەرچی ئەو وتی، بەداخەوە، تەورداسم لا نییە، بەڵام راستی نەدەکرد. خۆم بینیبووم، تەورداسێکی بە کەمەرییەوە شۆڕکردبۆوە. من وامدەزانی، ئەگەر گوێزێکم بۆ بشکێنن و ئاوەکەی بخۆمەوە، ئیسراحەت دەکەم و پڕ بەدڵ دەڵێم ئۆخەی.! کە دوو کیلۆمەترێك رۆیشتین، بۆم روون بۆوە، کەوا ئەو لەبەر تەندروستیم ئاوی خواردنەوەم ناداتێ، ئەو وای بە باش دەزانێ، دەبێ پزیشکێ بڕیار بدات. ئەو دەیزانی، خواردن و خواردنەوە بۆ من رەنگە باش نەبێ و سەخڵەتم بکات..

زانیم کەوا لەلای ئەوان پزیشك نییەو دەبێ بمگەێنێتە شاری سان خوان دی ئورایا، ئەم شارەش، دوو رۆژە رێ دوورە! پاش رۆیشتنی نزیکەی نیو سەعات، لە قەراخ خانویەکی داری سەر بە چینکۆ منیان داگرت، لەگەڵ دوو ژنی تر، هەڵیانگرتم و لەسەر جێگایەکی پاك و خاوێن

درێـژیان کـردم. جامێـك شـلەی گـەرمیان هێنـا، بـە دەسـتی، ژنێکیـان، دڵـۆپ دڵـۆپ لـە دەمـی کـردم، بـە خواردنـەوەی و گەیشتنی ئەو شلەیە بۆ هەناوم، کەمێ هێـزو مـەزاجم هاتـەوە سەرخۆ، تێربووم، ئارەزووی چیترم نـەما. کە بەسـەرهاتەکەم هەنـــدێك گێڕایـــەوە، دیـــاربوو، هیـــچیان نەبیـــستبوو، نـەیانزانیبوو، مـن خنکـاوم، هیـچیان لـەو کارەسـاتە جـەرگبڕە نەبیستبوو، ئەمەیان دڵتەنگی کردم.

## -2-

ئەو ژنەی دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لە زاری دەکردم، لە دەمی دامەوە، کە چیتر قسە نەکەم، کاتی ئەوە نییە! ئاوەکەت بخۆرەوە.! قسەکانت بۆ دوایی، بۆ ڕۆژێکی تر هەڵگرە. کە بۆنی چێشتم کرد، ئارەزووی خواردنم لا دروستبوو، بۆ پارووییەك خواردن، زۆریان لێ پاڕامەوە، بەڵام! وتیان: تا دکتۆرێ تەماشات نەکات، ناکرێ، زادێ بچێتە هەناوت، نابێ! تا پزیشکێ دڵنیات نەکات، بێجگە لەو شلەیە، هیچ ناخۆیت. ڕۆژ درەنگ داهات و پزیشك هەر نەهات. داماسو ئیمتیلا، ئەو پیاوەی منی هەڵگرتەوە، چوبوو بۆ شاری مۆلاتۆس و ئاگاداری پۆلیس و لێپرسراوانی کردبۆوە، ئەوانیش هیچیان نەزانیبوو، وەك زانیم، رادیۆشیان هەبوو، بەڵام کەسی وایان نەبووە، گوێ لە هەواڵەکان راگرێت و زەوقی بیستنی هەواڵیان نەبووە، ئەگەرنا خۆ هەموویان بە کۆمەڵ لە رادیۆکە کۆدەبوونەوە.

مفەوەزێك و شەش پۆلیس بۆ رزگارکردن و بردنم هاتبوون، ئەودەمەی ئەوان لە مولاتۆسەوە گەیشتن، من چاك

خەوم لێکەوتبوو، ئەوە دوازدە ڕۆژە وا نەخەوتووم، بەڵام، ئەوان ئاگاداریان کردمەوەو هەڵیانگرتم، زۆرم لا ناخۆش بوو، لەبەر ئازارەکانی هەموو گیانم، حەزم نەدەکرد بجوڵێمەوە.

ڕووناکی لایتەکانی دەستیان، تیشکی فانۆسەکان، چاویان دەزوراندمەوە، خەڵکێکی زۆریشم لێ کۆببۆوە، چ جا ئەوانەی بۆ ڕزگارکردنم و چاودێریم هاتبوون، یان ئەوانەی هاتبوون تەماشام بکەن، لە قەرەباڵغییەکە کەمێ تەنگەنەفەس بووم، پشوم سوار و دڵتەنگ، وەخت بوو بخنکێم.

دیسان ڕۆیشتم، ئای منی بەدبەخت و چارەڕەش، دوازدە ڕۆژە هەر دەڕۆم، هەر بەڕێوەم، هەر دەڕۆم و نازانم لەکام مەنزڵم و کەی دەگەمەوە دوا مەنزڵ!

## -3-

بـه ڕێگایـەکی سـەخت و هـەوراز و نـشێودا منیـان بـرد. لەسەر تەختەدارێك منیان بەرز ڕاگرتبوو. هەشت کەس منیان لەسەر شانیان دانابوو، هـەردوو کەسێ لایـەکیان لەسەرشـان بــوو.. زۆرم گــەرما بوو،لــە گــەرمی و روونــاکی لایــت و فانۆســەکان بێــزار ببــووم، ئــەدی ناڕەحــەتیم لەســەر ئــەو تەختـەدارە، دیـارە بـەختی مـن وایـە، لەسـەر تەختـەدارێك بـۆ ســەر تەختــەدارێکی تــر، هــەر دەڕۆم..! وامــدەزانی لــەناو زینــدانێکی تاریــك و تەســکدام و ئــازار دەدرێــم، هــەر نیــو سـەعاتێ، ئـەم هەشـت کەسـە دەگـۆڕان و هەشـت کەسـی تـر دەهاتنە بن دارەکەو دیسان دەڕۆیشتین.. ئەوەیان، باش بوو پارچـە کێکـی سـوێرو ئاویـان دامـێ. بـەم غەڵبەغەڵبـە، بـەم سوارو لەسەرشانە، هەشتی بەیانی گەیشتینە شـەقامەکانی شاری مولاتوس. خەڵکێکی ئەوەندە زۆر بۆ دیتن و پێشوازیم هـاتبوون بــە ســەد مفــەوەزو پــۆلیس خەڵکەکــە پەرتــەیان پێنەدەکرا..!

هــەر بابایــە دەهاتــە پــێش و ڕێگاکەشــیان دەبەســت. مولاتوس، شارێکی بچوکی ماسیگرانە، شەقامەکانی تەسك و باریــك و تەنگەبــەرن و هــەوای کــەم بــوو، منــی مانــدوو و نەخۆشیش.. خەڵك هەردەهاتن. دەهاتنە تەماشام! لە شاری مونتیریا بۆ هاتوچۆ هەفتەی دووجار فڕۆکەیەك دەهات و هەواڵ و کاڵاو پێویستیەکانی بۆ دەهێنان، بۆیە هەواڵی من بۆ ماڵــەوە و هــەواڵی ماڵــەوەش بــۆ مــن، دوا دەکــەوێت، مــن چاوەڕوانی هەواڵی ماڵەوەم بووم، لە جیاتی ئەوە، خەڵك بۆ دیتنم دەهاتن، دەستەیەك دەهاتە پێش و نیگایان دەکردم و جێگاکانیان دەگۆڕی و دەکشانەوە و دەستەیەکی تر دەهاتن.. منیان لەسەر ئەرزەکە داناو خەڵکەکەش بۆ دیتنم ڕیزیان گرت.

دوو ساڵ لەمەوپێش لە شاری بۆگوتا، بە پەنجا سانتفۆس خەڵك بە کلۆفەوە دەهاتن بۆ دیتنی دەروێشێك، کەوا ماوەی نۆ ڕۆژە لە قەفەسێکی شووشەیی داخراو ژیابوو، ئەویش بێ نان و ئاو ژیابوو، بۆیە ببوە پاڵدان و قەرەباڵغییەك ئەوسەری دیار نەبێ، وا ئێستاش منی دە ڕۆژ لە دەریا ژیاوی بێ خۆراك و بە ئەشکەنجە رزگارم بوەو خەڵکیش، یەك لە دوای یەك، لە دوورو نزیك، بە پەلە دێن بۆ دیتنم، بەڵام، جیاوازییەکەی ئەوەبوو، خەڵکەکە، بە خۆڕایی تەماشایان دەکردم. کەسیش نەبوو، بلیت دابەش بکات و پارە وەرگرێت، ئەگەرنا، بازاڕم دەبوو..!

لەسەر هەمان تەختەدار، منیان گواستەوە بۆ شاری سان خوان دی ئوریا، ئەمجارە، لەم هەوارەدا، بینەرو خەڵك زۆرتر بوون، شەش سەد کەسێك دەبوون..! منداڵ و پیر, ژن ,پیاو,گیانەوەر,کەر, گاو گۆلکیشیان.. هاتن.! بەو ڕێگایەدا یەك ڕۆژ ڕۆیشتین، هەر خەڵکم بینی. پیادەو سوارم بینی. کە خەڵکەکەم دەبینی، خەڵکی لەش ساغ و تەندروستی باش و چوست، دەبوژامەوە، کەیفم پێیان دەهات.! بێگومان، هەموویان تێرو پۆشتە بوون، حەسوودیشم پێیان دەهات. لەناو ئەو حەشاماتەدا، دەنگی موسیقایەکم گوێ لێبوو، رادیۆیەك بوو، کە دەڕۆیشتین، دیاربوو، دڵۆپە ئاوەکان و کێکە سوێرەکە، زەوقی خواردنی لا دروستکردبووم، بۆیە زۆر حەزم چووبوە خواردن.....!

کە گەیشتینە ناو شار، چیم بینی، لافاوێ خەڵك، هێرشیان هێنا، شاریان چۆڵکرد.. هەموویان بۆ دیتنم هاتن.. هاتنە پێش.! دکتۆر همبرتوگومیر، کە جەستەمی پشکنی و جوان و ورد تەماشای کردم، بزەیەکی هاتێو موژدەی لەش ساغی دامێ.. فڕۆکە ڕاوەستابوو، فەرموویان لێکردم و وتیان، بۆ ماڵەوەو بۆ باوەشی  ماڵ و منداڵەکەت بفڕە.. فەرموو..

# بەشی چواردەهەم

## -1-

دە رۆژی مانــەوەم لــە نــاخی دەریــاو لــە پانــایی ئاســۆ بەرینەکەی، تـەنیاو سـەرگەردان، بـێ ئـاو و بـێ خـۆراك بـوو، منی کردە پاڵـەوان، خـۆ ئەگـەر خواردن و قیبلـەنما و قولاپی ماسـیگرتنم لابایـە، یـان هـەر چـەند پـاروە زادێکـم لەلابایـە، نەدەبوومـە ئـەو پاڵەوانـە.! ئـەو شـەڕە سـەرەیەو بـەرگری و دەردەسـەرییە بۆ ئەوە نـەبوو. ببمـە پاڵـەوان، بـەڵکو بـەس بۆ ئەوە بوو نەمرم! رزگـارم بـێ! لـێم دەپرسـن، رات چیـە، ئێـستا تۆ پاڵەوانی..؟!

بـەوە سەرسـام و شاگەشـکە دەبـووم، پاڵـەوانی چـی.؟ مـن هــەر پیاوەکــەی جــارانم، پاڵــەوانی چــی..! پاڵەوانیەکــەم ئەوەندەیـە، ئێـستا چـۆکم ژان ناکـات. پـشتم ناهێـشێت، هـەر وەك جارانم، هیچ نەگۆڕاوم. برادەرە دڵسۆزەکانم بـە چاوێکی تــر ســەیریان دەکــردم. منــیش رق و بێــزم لــە چــاوانیان دەخوێندەوە..! من لە ژیانمدا هیچ رۆژێ، قەت! هـیچ ناحـەزو

دوژمـن و نـەیارم نـەبووە، ئـەی ئـەم خەڵکـە بـۆ وام تێدەگـەن..
بۆ!؟ زۆریش کۆششم بۆ ئەوە کرد، هـەموویان، ئـەوەیان لـەبیر
بچێتەوە کە من پاڵەوانم! بە هەموو لایەك، وایانکرد ناوداربم،
خەڵك هەر بۆ دیتنم دەهاتن.. نەك تەنیا لە شارەکەی خۆم، لە
شـــارەکانی تـــری وڵات، لـــە هـــەموو جیهـــان، دەهـــاتن،
رۆژنامەنووسـی زۆر هـاتن، وێنـەگر، هـەواڵنێری ئاژانسەکان،
ئاخافتنیان لەگەڵ کردم، وێنەیان گرتم، هـەر بـە غـار دەهـاتن،
بەپەلـــە بـــوون، وایـــان دەزانـــی گەنجینەیـــەکی بـــەنرخیان
دۆزیوەتـــــەوە. وای لێهـــــات، دەرگـــــاوان و پـــــۆلیس و
دەستەڵاتدارەکان خەڵکیان بۆ دیتنم قەدەغەو سنووردار کردو
بـواری ئاخـافتن و دیـدارو وێنـەگرتنم کـەم بـۆوە.. منـیش
بـەوەیان، بـەم کـارە، سەرسـام بـووم، بۆچـی.؟! مـن هـەر
پیاوەکەی جارانم.. هـەر ئەوەنـدەم هەیـە، دە رۆژ لـە دەریـا بـە
تـەنیا بوومـە و ئێستاش هاتومەتـەوە، تـەواو، ئـەوەیان چـی
تێدایە.! بەڵام، ئەوان بە شتێکی تریان لە قەڵەم دەدا، وەنـەبێ
کەسێ منی نەدیتبێ، پاش ئەوە، هەرچۆنێك بوو , بە فێڵ و
بـە سـاختە، دوو رۆژنامـەنووس هـاتن، خۆیـان گەیانـدمێ،
یەکـەمیان سمێـل زلێـك بـوو، نزیکـەی پـەنجا وێنـەی گـرتم،
دووەمیـشیان، خـۆی کردبـووە دکتـۆری دەروونـی و والـێم
بەژووریێ کەوت.!؟

## -2-

دایـك و بـاوكم و پزیـشكەكان و برینپێـچەكان و هەنـدێ پاسەوانی تایبەت، بێجگە لەمانە، كەسی تر بۆی نەبوو سەرم لێبدات و بمدوێنێ و پرسیارم لێبكات..!؟

رۆژێكیان، پزیـشكێكی گـەنج، بلـووزێكی سپی لەبـەربوو، چاویلكە لەچـاو، لـێم هاتـە ژوورێ، ئەفسەرەكەی دەرگاكـەم، داوای ناسـنامەی لێكـرد، ئـەویش گیرفـانی گـەڕاو وتـی: بمبووره، ئیمرۆ، چ بەڵگەنامەم هەڵنەگرتووە، ئەویش ڕایپێچا بـۆ لای بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانەكە، پـاش گاڤێـك گەڕانـەوە، ئەفسەرەكە وتی، ئەم پزیشكە، بۆی هەیە ماوەی یەك چارەكە سـەعات لـە گـەڵتابێ ئـەو وتوێـژی نەفـسیت لەگـەڵ دەكـات، پسپۆڕی دەروونناسیە، لە بۆگۆتاوە تەشریفی هێنـاوە. بـەڵام گومانم هەیـە، رۆژنامـەنووس بێ، وا دەزانم هـەر ئـەوەو خـۆی گۆڕیـوە، منـیش لـێم پرسـی، جـەنابت، چـۆن دەزانـی ئـەو مامۆستایە، رۆژنامەنووسە..! پزیشك نییە!؟ لە وەڵامدا وتـی: پزیشكی دەروونی وا باوە، سەماعەی پزیشكان هەڵناگرێت.. ئـەو سـەماعەی بـە ملـی شـۆڕكردۆتەوەو گوایـە پزیـشكە..! بـــەڵام، زیرەكـــەو بـــە قـــسەكانی خـــۆی بەڕێوەبـــەری

نەخۆشـخانەکەی قایـل کـرد، بـا یـەك چـارەکە سـەعاتێك بمێنێتەوە..!

منـیش بـڕوام نـەکرد پزیـشك بـێ! بـە ڕۆژنامەنووسـیش نەدەچوو، فەحسی کردم، هیچ قسەی لەگەڵ نەکردم، ویستی فێل لـە ئەفسەرەکە بکـات، تا بە تـەنیا جێمـان بهێڵـێ، داوای لاپەڕەیـەکی سـپی کـرد، بـەڵام! ئەفـسەرەکە لـەو زانـاتر بـوو، خـۆی نەچـووە دەرێ، بـە پۆلیـسێکی وت، کـەوا پارچـە کاغەزێکی نوسینی بۆ بێنێ، داوای لێکردم، وێنـەی پاپۆڕێك بکێشم، منیش بەجوانی وێنەکەم کێشا، لە کۆتاییدا وتـی: فەرموو ئیمزای لەسەر بکە، دوایی داوای وێنـەی خانویـەکی بچوکی کرد، منیش وێنەکەم کێشا، دارمۆزێکم لەگەڵیا کێشا، ویستی پرسیارێ بکات، بەڵام ئەفسەرەکە، قسەکانی پێبڕی، ئەویش فەحسێکی تری کردمـەوەو وێنەکەی بردو ڕۆیشت، بەڵام لە کاتی مۆڵەتدراو زۆرتر نەمایەوە.

بەیانی زوو لە ڕۆژنامەی ئەلتیمبو وێنەکەم بلاوکرابۆوە و نیشانەیەکی لە ناوەڕاستی پاپۆڕەکە کردبوو، گوایە من لەوێ ڕاوەسـتابووم، بـەڵام مـن لـە دوای پاپۆڕەکـە بـووم، نـەك پێشەکەی.

بـە ڕیپۆرتاژەکـەی پزیـشکە ڕۆژنامەنووسـەکە، هـەواڵی مەسـەلەکەم چـاك پـەرت و بلاوبـۆوە، خـەڵك بـە گـشتی لـە

مەسەلەکەم گەیشتن. کە لە فڕۆکەخانەی بۆگۆتا دابەزیم، سەرۆك کۆمار، یەکەم پێشوازیکەرم بوو، دەستە دەستە گەورە لێپرسراوان و پیاوماقوڵان هاتبوون، سەرۆك ویستی، گفتی ئەوەم لێ وەربگرێت، کەوا دەگەڕێمەوە کاری دەریاو پلەی ئەفسەریشم دەدەنێ، کۆمپانیای دروستکردنی کاتژمێری دەستی، پێنج سەد دۆلاری خەڵاتکردم و بڵاوکرایەوە کەوا، کاتژمێرەکەی دەستم لەم گەشتە سەختەدا یەك چرکە دوا نەکەوتووە، هەروەها کۆمپانیای دروستکردنی پێڵاویش، دوو هەزار پیزۆسی دامێ، وتیان، کەوشەکەی ئەو لەو ماوەیەدا، بەقەد نووکە دەرزییەك نەقرتاوەو ئەمەش نیشانەی پتەویی و چاکی پێڵاوەکەیەو ناوبانگی باشی کارخانەکەیە! لەگەڵ ئەوانەشدا، هەزار دۆلاریشم لە خاوەنی کارگەی بنێشتی زارم وەرگرت و حەقی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەش لە تەلەفزیۆندا پێنج هەزار بیزۆسم وەرگرت، بە کورتی، ژیانی دەردەسەری و ناخۆشیم لەو دە رۆژە تەنیاییەو لە ترس و تەوژمی تاك و قوربەسەرییم بوە، سەرمایەیەکی زۆرو ناوداری زۆرتر، بەڵام!؟ ئەگەر دە هەندە پارەی ترم بدەنێ و سەد هەندەش ناوداربم و سەرۆك کۆماریش زۆرتر رێزم بگرێت، من قایل نابم و نامەوێ جارێکی تر ئەم دەردەسەرییە ببینم..! نامەوێ.. هیچ.....

بوومه پاڵەوان، ناو و رەنگ و دەنگم گەیشتە هەموو سوچێکی جیهان، بەڵام من مەسەلەکەم جارێ هەر بە ئاسانی وەرگرتبوو، لەگەڵ برادەرەکانم دەچووومە سینەماو لە چایخانەکاندا دادەنیشتم، زۆریش خۆم دەرنەدەخست، ئینجا، رۆژانە چەندەها نامەو پەیام و تەلگراف و پۆستم بۆ دەهات. خەڵکی ناسیاو و بێگانە حەزیان بەدیدارم دەکرد، لە بیریرا پارچە هەڵبەستێکی درێژو جوانیان لەسەر سەربوردەکەم نوسیبوو و ئیمزای سێ پیت یو. ڤی. سی لەسەر بوو گەیشتە دەستم، لە شاری موبیلەوە ماری چاوشینی هاورێم نامەو وێنەی رازاوەی بۆ دەناردم.. بۆ پیرەژنێکی بەزەوق و خاوەن ئەلبومێکی زۆر، بەسەرهاتەکەم، وەك چۆن بۆ ئاژانسەکانم گێڕابۆوە، بۆ ئەویشم گێڕایەوە.. لە هەمووشیان سەیرتر، کەسانی واش هەبوون، منیان بە گێل و شێت دەزانی، بڕوایان نەدەکرد.. منیش دەپرسم..؟! ئەی ئەگەر وا نییە، ئەم دە رۆژە لە کوێ بووم. لە کوێ بووم.. ها..

بەرشەلونە شوباتی 1970

*لە شارۆچکەی بازیانی کوردستانی باشور لە ئایاری(1982)کراوە بە کوردی و دووبارە لە حوزەیرانی(2000)لە سوید نوسراوەتەوە.